گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue3 2024
ID No. 1710 (PP 52-74)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.3.4

توێژینەوە

# هەڵسەنگاندنی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی لادێیی لە قەزای خەبات خزمەتگوزاری فێرکاریی وەك نموونە( توێژینەوەیەك لە جوگرافیای لادێیدا)

هۆگر جمیل احمد / وەزارەتی پەروەردە- کۆمەلگەی فاخیر مێرگەسۆری پەروەردەیی

**پوختە**

پەرەپێدانی فێرکاریی،یەکێکەلە مەبەستەکانی پەرەپێدانی لادێیی،رۆلێکی سەرەکی لە نەهێشتنی نەخویندەواری و دابینکردنی قوتابخانە و تەنانەت لە هەستی هەرەوەزی نێو هزری گوندنشیناندا دەگێرێت،ئاشکرایە ئەم خزمەتگوزارییە لە نێو گوندەکانی قەزای خەباتدا هەیە، بۆیە ئامانجی توێژینەوەکە، بریتییە لە تیشك خستنە سەر دەرخستنی ئەو رەوشەی کە لە خوێندنە قوتابخانە بنەرەتییەکاندا هەیە، بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات تا چ رادەیەك دادپەروەری لە دابەشبوونی شوێنی خزمەتگوزاریە فێرکارییەکاندا هەیە، ئەمە جگە لە کارکردن بۆ زانینی توانستە وەزیفییەکان و دیاریکردنی بەربەستەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکان، ئەم توێژینەوە پشتی بە میتۆدی وەسفی و شیکردنەوە بەستووە، لە پالیشیدا توێژینەوەکە بۆ چوار تەوەرەی سەرەکی دابەشکراوە،کە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەو هەروەها هەر یەك لە دابەشبوون وجیاوازی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییەکانی فێرکاریی و توانستە وەزیفییەکان لەخۆ دەگرێت،جێگای ئاماژە پێکردنە ناوچەی توێژینەوە لەسالانی خوێندنی(2022-2023)زایینی،لەرووی ژمارەی قوتابخانەوە،تەنها(66) قوتابخانەی بنەرەتی لە خۆوە گرتووە،قوتابخانە تێکەلاوەکان بەرزترین رێژەیان کە لە 95،5%ی جۆری قوتابخانەکانە تۆمارکردووە،هەروەها ژمارەی قوتابیانی کور بەرزترە لە قوتابیانی کچ ،لەبەرامبەریشدا ژمارەی مامۆستایانی مێ لەمامۆستایانی نێر زیاترە،ئەمە جگە لەکورتهێنان لە ژمارە بینایەی قوتابخانەکاندا،لە پالیشیدا ئەوگوندانەی خزمەت نەکراون بەقوتابخانە لە(10%) ی گوندەکانی قەزاکەن،هەرچی توانستە وەزیفییەکانە تەواوی نیشاندەرەکان لەخوار پێوانەی پلاندانانی پەروەردەدان،جگە لە نیشاندەری (مامۆستا/قوتابی)کەلەسەرووی پێوانەکەدایە،هەروەها پێوانەکانی بەئاسان گەیشتن و ماوەی کات بۆ قوتابخانەکان زۆرینەیان لەسەرووی پێوەرەکانی پلاندانانی پەروەردە دان،کە رەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤ لە پرۆسەی پەروەردەدا دروست دەکات.

CORRESPONDENCE
هۆگر جمیل احمد
Hogrjamil11@gmail.com

وەرگرتن 2024/01/31
پەسندکردن 2024/03/17
بڵاوکردنەوە 2024/06/15

**وشە سەرەکییەکان:**
خزمەتگوزاری فێرکاریی،
قوتابخانە،
توانست.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەكی:**

پەرەپێدانی خزمەتگوزاری فێركاریی لادێكان،لەو پەرەپێدانە پێویستانەیە كە دەولەت بۆ دانیشتوانەكەی دابینی دەكات ،لەپالیشیدا فێركاریی یەكێك لەو بنەما گرنگانەیە كە كار بۆ پەرەپێدانی كۆمەڵگە لادێیەكاندا دەكات،لەمیانی دابینكردنی هزری بەرهەمهێنەر بۆ پەرەپێدانی كۆمەلگە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا،لەبەرامبەریشدا تارادەیەكی بەرچاو پەیوەستە بە پێشكەوتنی ئایندەی وولات،بۆیە پرۆسەی فێركاریی لەو لایەنە بنەرەتییەیە كە بۆ تایبەتمەندییەكانی پێشكەوتنی كۆمەلگە هاتۆتە ئاراوە،ئەویش لە رێگەی جیاوازی فیكرو كوالیتی بەرهەمهێنانی فێرخواز،بەجۆرێك كاردانەوەیەكی ئەرێنی بۆ پێشكەوتنی وولآت فەراهەم دەكات .

**گرنكی توێژینەوە:**

گرنگی توێژینەوەكە،سەرەرای ئەوەی رەنگدانەوەیەكی ئەرێنییانەی هەیە لە بایەخدان بۆ دیاریكردنی رووبەریكی فراوانی ناوچە لادێنشینەكانی قەزاكە،لەگەل ئەوەشدا بایەخ بە لایەنی پەروەردەو فێركردن دەدات بۆ پەرەپێدان و بونیاتنانەوەی كۆمەلگە،بەجۆرێك دەبێتە پاڵپشتێك بۆ گواستنەوەی ئەو كۆمەلگە لادێیە لە رەوشێكەوە بۆ رەوشێكی باشتر،ئەویش لە رێگەی سنووردارکردنی ئەو جیاوازە پەرەپێدانەی كە لە نێوان گوند و شارەكانی قەزاكەدا هەیە.

**گرفتی توێژینەوە:**

ناوچەی توێژینەوە لە رووی رەوشی خزمەتگوزاری فێركردنەوە، بایەخێكی ئەوتۆی چ لە لایەنی حكومی یاخود لە لایەنی توێژەرانەوە پێنەدراوە،ئەمە جگە لە رووی كاری دابەشبوونی شوێنییەوە كە چۆن دابەشكراوە،ئایا بە شێوازێكی گونجاوە ؟لەپالیشیدا تارادەیەك خزمەتگوزارییە فێركارییەكان بە پێی پێوانەو ستاندارده پلانە پەروەردەییەكان لە رووی توانستە وەزیفییەكانەوە بە شێوازێكی پلان دارێژراوی تۆكمە كاری لەسەر نەكراوە .

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە،بریتییە لە تیشك خستنە سەر دەرخستنی ئەو رەوشەی كە لە خوێندنی قوتابخانە بنەرەتییەكاندا هەیە،هەروەها بۆ ئاشكراكردنی ئەوەی تا چ رادەیەك دادپەروەری لە دابەشبوونی شوێنە خزمەتگوزارییە فێركارییەكاندا هەیە و تەنانەت هۆكارە كاریگەرەكانی چیین، ئەمە جگە لەكاركردن بۆ زانینی توانستە وەزیفییەكان و لە پالیشیدا دیاریكردنی گرنگترین بەرەبەستەكان،بە مەبەستی ئەوەی ببێتە روانگەیەك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەكان بۆ دارشتنی نەخشەو پلانێكی تۆكمە بۆ ئەوەی كار بكەن بۆ دانانی چارەسەرێكی گونجاو، بەجۆرێك بوژانەوەو پێشخستنی گوندەكانی لێبكەوێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە میتۆدی توێژینەوەكەدا،پشت بەستراوە بە چەندین سەرچاوەی زانستی جوگرافی و چاوپێكەوتنی كەسی، هەروەها لە پێناو تاوتوێكردنێكی گونجاو و وەدەستهێنانی ئامانجێكی خوازراوی تر بۆ توێژینەوەكە، هەولدراوە میتۆدی ( وەسفی و شیكردنەوە ) پیادە بكرێت ، ئەویش لە رێگای سەردانی مەیدانی و چاوپێكەوتن لەگەل بەرپرسانی فەرمانگە فەرمییەكان.

**پلانی توێژینەوە:**

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەكە، باسەكەمان بەسەر چوار تەوەرەی سەرەكی دابەشكردووە، تەوەرەی یەكەم تایبەتە بە چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە كە دابەشكراوە بۆ هەریەك لە لایەنەكانی سامپڵی توێژینەوە و ناساندنی ناوچەی تۆێژینەوە، لە تەوەرەی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر دابەشبوونی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییەكانی فێركاریی لە گوندەكانی قەزاكە،ئەویش لە رووی دەرخستنی ژمارەكانی قوتابخانەو قوتابی و مامۆستا و هۆبە و بینایەی قوتابخانەكان،لە پالیشیدا تەوەرەی سێیەم باس لە جیاوازی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییەكە دەكات،لە تەوەرەی چوارەمیشدا ئاماژە بە توانستە وەزیفییە خزمەتگوزراییە فێركارییەكان لە قۆناغی فێركردنی بنەرەتییدا كراوە،دواتریش هەر یەك لە دەرەنجام و راسپاردە خراوەتە روو .

**سنوری ناوچەی توێژینەوە:**

1- سنوری كاتی : هەلسەنگاندنی خزمەتگوزاری فێركاریی بۆ وەرزی خوێندنی (2022-2023)زایینی،دەگرێتەوە

2 -سنوری شوێنیی: بریتییە لە سەرجەم گوندە سەر بە یەكە كارگێرییەكانی قەزای خەبات

3 -سنووری بابەتی: تەنها قوتابخانە بنەرەتییەكان لەخۆ دەگرێت

**لێكۆلینەوەكانی پێشوو:**

هەرچەندە تۆێژینەوە لە بواری پەرەپێدانی لادێیی لە سەر گوندەكانی قەزای خەبات دەگمەنە،بەلام لەگەل ئەوەشدا چەندین لێكۆلینەوە و سەرچاوەی تر هەن ،جەخت لە پرسی پەرەپێدان و خزمەتگوزاری فێركاریی دەكەنەوە لەوانە :-

-دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سۆران وكاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لادێیی، لێكۆلینەوەیەكە لەتەوەرەیەكیدا باس لە پەرەپێدانی خزمەتگوزاری فێركاری لە نێو لادێیەكانی قەزاكە دەكات،لە بارەی ژمارەی قوتابخانەكان چەندە و هەروەها تا چ رادەیەك پەیوەندی لە نێوان قەبارەی دانیشتوان و قوتابخانەكاندا هەیە،بەجۆرێك زالبوونی بچووكی قەبارەی نشینگە گوندییەكان بۆتە فاكتەرێك بۆ كەمی پرۆسەی خزمەتگوزاری فێركاریی(ئەحمەد،2010)

-واقع الخدمات التعليمية وكفائتها الوضيفية في ريف قضاء عفك،لێكۆلینەوەكە جەخت لە واقیعی خزمەتگوزارییە فێركارییەكان لە لادێكانی قەزاكەدەكاتەوە،لە پالیشیدا باس لە توانستە وەزیفییەكان و بەراوردكردنی رەوشی خزمەتگوزارییەكە بە ستانداردی پلاندانانی پەروەردەیی دەكات،كە بەجۆریك خزمەتگوزارییەكە لە خوار پێوانەی پلاندانانەكە دان (الشمري والشمري،2018)

- جغرافية التعليم العام في ريف مركز قضاء رمادي، لێكۆلینەوەیەكە باس لە پێشكەوتنی وەزیفەی پەروەردەو فێركاری دەكات لە گوندەكانی سەربەسەنتەری قەزای رومادی،لەگەل ئەوەشدا جەخت لە رەوشی دابەشبوونی شوێنی داموودەزگاكانی پەروەردە دەكاتەوە،كە بەجۆرێك تا چ رادەیەك ئەم دابەشبوونە لەگەل قەبارەی لادێنشیناندا گونجاوە (الدليمي ،2010)

- Education in rural areas, Issues in Education policy.

ئەمەش جەخت لە خزمەتگوزاری فێركاریی لە لادێكانی هەر سێ هەرێمی (كیبی رۆژهەلات و كوازولوناتال و لیمبۆبۆ)لە باشوری ئەفریقیا دەكاتەوە،كە بەجۆرێك بەو ئەنجامە گەیشتووە كە لە (62%) ی قوتابخانە حكومییەكان دەكەونە نێو لادێكانی ئەم هەرێمانەوە،تەنانەت جەخت لەكاریگەری دیاردەی هەژاری و دواكەوتوویی لادێكان دەكاتەوە،كە رەنگدانەوەیەكی نەرێنی لە سەر پرۆسەی پەروەردەو فێركردندا دروستكردووە ( Gardiner, 2017)

## 1- چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوە

### (1-1) سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوەكە لە رێگەی دابەشكردنی فۆرمی پرسیارنامەیە، كە بەجۆرێك ئەم فۆرمە لە رێكەوتی(5-9 2023 تاكو 19-9-2023)زایینی،بەشێوەیەكی هەرەمەكی ئاسایی بەسەر خێزانەكانی ناوچەی توێژینەوەدا دابەشكراوە،بەگوێرەی سامپلەوە پشتی بە یەكەی خێزانییەوە بەستووە، بەجۆرێك كۆی ژمارەی خێزانەكانی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە نزیكەی (8402)خێزان ،بە پالپشت بە ژمارەی خێزانەكانەوە كۆتا ژمارەی فۆرمەكان دەگاتە (135)فۆرم، كە لەسەر ئاستی گوندە ناحیەكان لەسەر بنچینەی رێژەی سەدییان دەرچووە،كە بەشێوەیەك گوندەكانی سەر بە سەنتەری قەزاكە (27) فۆرم و ناحیەی رزگاری (51) فۆرم و ناحیەی كەورگۆسگ (25) فۆرم و ناحیەی دارەشەكرانیش (32) فۆرم بۆ قۆناغی خوێندنە بنەرەتییەكان0 قەبارەی سامپلەكەش بە بەكارهێنانی ئەم دوو هاوكێشەیەی(kochran)o،كە لە خوارەوە دەرهێنراوە:- (Israel, 1992, p.3)0

- هاوكێشەی (1): ئەگەر قەبارەی كۆمەلگاكە($n_0$)گەورە بێت (10.000):-

$$n_0 = \frac{Z^2\ pq}{e^2}$$

( $Z$ ) = پلەی متمانە(80%)

($p$)= رێژەی چاوەروانكراو لە لێكۆلینەوەكانی پێشوو یان هاوشێوەیە ،كە (30%)

p – 1 =( q)

($e$)= هەلەیەكی خەملێنراو یان رێگەپێدراوە كە(5%)

- هاوكێشەی (2): ئەگەر قەبارەی كۆمەلگاكە ($n$) بچووك بێت (1000):-

$$n = \frac{n_0}{1+\frac{(n_0-1)}{N}}$$

($N$)= ژمارەی یەكەكانی خێزانی

## 2-1) ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

قەزای خەبات،یەكێكە لە قەزاكانی پارێزگای هەولێر،كەوتۆتە بەشی رۆژئاوای پارێزگاكە،هەروەها ناوچەیەكی ستراتیژی گرنگە بۆتە دەروازەیەك بۆ پێكەوەلكاندنی پارێزگاكانی موسل و دهۆك بە پارێزگای هەولێر،ئەمەش وایكردووە لە رووی بازرگانییەوە بایەخێكی خۆی هەبێت،لەپالیشیدا نزیكەی 34 كم$^2$ لە شاری هەولێرەوە دوورە(بەرێوەبەرایەتی گشتی رێگاوبان و ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنی هەولێر،2023)، شایەنی باسە،ناوچەی توێژینەوە تێكرا بەشەكانی رۆژئاوای كەوتۆتە لێواری زێی گەورە كە سنوورێكی سروشتی جیاكەرەوەی نێوان دەڤەری سۆران و بادینانە، لە رووی یەكەی بنەچەی نیشتووییەوە بەشێكی بەرچاوی خاكەكەی كەوتۆتە دەشتی لافاو كردەوە(حەداد،مەحمود، 2011،لا 18)

لە رووی پێگەی ئەسترۆنۆمی یەوە،قەزای خەبات دەكەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی ( ¯32 °36و ¯8 °36 )ی باكور و هەردوو هێلی درێژی ( ¯36 °43 و ¯6 °44)ی رۆژهەلات،سەبارەت بە پێگە جوگرافیەكەیەوە، لە بەشی باكوریدا هاوسنوورە لەگەل قەزاكانی شەقلاوە و پیرمام،لە هەریەك لە بەشەكانی باشووری رۆژهەلاتیدا، هاوسنوورە لەگەل قەزاكانی ناوەندی هەولێر وعەنكاوە، لە باشوورەكەشیدا لەگەل قەزای مەخمور هاوسنوورە(نەخشەی 1)

**نەخشەی(1) پێگەی قەزای خەبات لە پارێزگای هەولێر(2023)زایینی**




سەرچاوە: كاری توێژەر پشتبەست بە : 1- بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، 2023

شایەنی باسە،قەزاكە لە چوار یەكەی كارگێری پێكدێت،ئەوانیش بریتیین لە سەنتەری قەزا،رزگاری،كەورگۆسك، دارەشەكران،جێی ئاماژە پێكردنە،یەكێك لە كۆنترین قوتابخانەكانی قەزاكە لە سالی (1957) زایینی دروستكراوە، هەنووكە دەكەوێتە نێو سەنتەری قەزاكە،كە ئەوكات ناوی قوتابخانەی ئاسكی كەلەكی سەرەتایی بوو،تا ئێستاش هەر ماوە(قادر،2009،لا380).

سەبارەت بە رووبەرەكەشی،قەزاكە رووبەرەكەی دەگاتە زیاتر لە 695 كم دووجا، بە جۆرێك لە نێو پانتایی ئەم رووبەرەدا 65 گوندی تێدایە،شایەنی باسە،گەورەترین ناحیە لە رووی رووبەرەوە،ناحیەی دارەشەكرانە كە رووبەرەكەی دەگاتە 294 كم دووجا،بەرێژەی 42،3% ی رووبەری قەزاكە،بە جۆرێك 25 گوندی قەزاكەی لەخۆ گرتووە،هەرچی سەنتەری قەزاكەیە بچوكترین ناحیەیە، رووبەرەكەی دەگاتە 42 كم دووجا و بەرێژەیی 6% ی رووبەری قەزاكە و تەنها (4)گوندیش لەخۆ دەگرێت،سەبارەت بە ناحیەكانی رزگاری و كەورگۆسك ، رووبەری هەریەكەیان یەك بەدوای یەك بۆ (251و 108) كم دووجا دەبێت،كە بەرێژەكانی 36،1% و15،6% ی رووبەری قەزاكە، بۆ هەریەكەشیان 18 گوندی قەزاكەی لە خۆ دەگرێت(خشتەی 1).

**خشتەی (1) ژمارەی گوندو رووبەرە یەكەكارگێرییەكانی قەزای خەبات 2023 زایینی %**

| یەكە كارگێرییەكان | ژمارەی گوند | رووبەر (كم$^2$) | % |
|---|---|---|---|
| سەنتەری قەزا | 4 | 42 | 6 |
| ناحیەی رزگاری | 18 | 251 | 36،1 |
| ناحیەی كەورگۆسك | 18 | 108 | 15،6 |
| ناحیەی دارەشەكران | 25 | 294 | 42،3 |
| قەزا | 65 | 695 | 100 |

سەرچاوە/ كاری توێژەر پشتبەست بە: 1- بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، 2023

شایانی باسە،بوونی رووبەرێكی ئەوتۆ كاریگەری لە سەر پەرەپێدانی لادێیی دروست كردووە،بەتایبەتیش لە بواری خزمەتگوزاری فێركاریی،چونكە بایەخدان بە هەموو قۆناغەكانی فێركردن بە تایبەتیش فێركردنی هەر بابەتێكی پەیوەست بە پیشەی كشتوكالی بۆ لادێنشینان ،دەبێتە رێگا خۆشكەرێك بۆ پالپشتیكردنی زۆربوونی كرداری وەبەرهێنان لە نێو زەوییەكانی ناوچەكە،ئەمەش لە میانی دەستكەوتەكانی كرداری توانستی فێركارییەوە فەراهەم دەبێت (الجبوري ، 2016،ص9) .

## 2-دابەشبوونی شوێنیی خزمەتگوزاریە فێركارییەكان لە گوندەكانی قەزای خەبات

فێركاریی،لە پلەی هەرە پێشەوەیە بۆ پەرەپێدانی كۆمەلگە لادێییەكان، پێوەرێكیشە بۆ پێشكەوتن و دواكەوتنی هەر كۆمەلگەیەك، بۆیە دابینكردنی كادیرەكانی زانستی و هونەری و پیشەیی، ئاماژەیەكن بۆ بونیادنانەوەی كۆمەلگە لە رووی ئابوری و كۆمەلایەتی و رۆشنبیری،لە هەر وولاتێكدا بێت، پشت بە كرداری خزمەتگوزاری فێركاری دەبەستن، ئەمەش پالنەرێكە بۆ بەرەو پێشچوونی كرداری پەرەپێدان(هیشان،2022،ص20 لێرەدا تاكو زیاتر لە توانست وخزمەتگوزارییە فێركارییەكان بگەین، پێویستە دابەشبوونی شوێنی ئەم خزمەتگوزارییە روون بكەینەوە:--

### (2- 1) فێركردنی بنەرەتی:

فێركردنی بنەرەتی لە هەرە سەرەكیترین مافە بنەرەتییەكانی مرۆڤە،لە بەرامبەریشیدا پێوەرێكی پێشكەوتنی شارستانی یە، بەو پێیەی لەم قوناغەدا ئاماژە بە گەشەسەندنی جەستەو توانای كەسایەتی مندال و ئاستی پەرەپێدان لە رووی جۆراوجۆری چالاكییەكاندا كراوە،كە بە جۆرێك دەبێتە پالپشتێك تاكو قوتابی بە شێوازێكی سەربەخۆیانە فێر بێت( Hus and Koprivnik، P.3.،2016)لێرەدا لەبەر بایەخی ئەم قۆناغە، رەوشی فێركردنی بنەرەتی لە گوندەكانی قەزاكە دەخەینە روو:-

#### 1-ژمارەی قوتابخانە:

قوتابخانە یەكەیەكی پەروەردەییە كە بە ئەركی پەروەردەو فێركردن هەلدەستێت،هاوكات لەگەل خێزانەكاندا هاوكارە بۆ هێنانەكایەی نەوەیەكی تازە كە باوەری بە كەلتوری كۆمەلگە هەیە و كاریان بۆ دەكات(عەبدولا،2010،لا57)0جگە لەمە كار بۆ پەیرەوكردنی شێوازی فێركاری میتۆدی دەكات كە ماوەی سالێكی خوێندنی تێدا لە هەشت مانگ كەمتر نەبێت و ملكەچی سیستەمی گشتی دەولەت بێت(جابر و نورالدین،2017،ص214)0ژمارەی قوتابخانە بنەرەتییەكان،وەك لە (خشتەی 2) دا بەدەردەكەوێت،لە سالی خوێندنی 2022-2023 زایینی، لە ناوچەی توێژینەوە دەگاتە 66 قوتابخانە، بەجۆرێك لە نێویاندا (2) قوتابخانەی كوران هەیە، كە

**خشتەی(2 ) ڕەوشی فێرکردنی بنەڕەتی لە گوندەکانی قەزای خەبات بە گوێرەی یەکەکارگێڕییەکان (2022 – 2023)زایینی**

| گوندە یەکە کارگێریەکان | ژمارەی قوتابخانە | | | | | | | | ژمارەی قوتابی | | | | | | ژمارەی مامۆستا | | | | | | ژمارەی هۆبە | % | ژمارەی بینایە | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کور | % | کچ | % | تێکەلاو | % | کۆی | % | کور | % | کچ | % | کۆی | % | نێر | % | مێ | % | کۆی | % | | | | |
| گوندەکانی سەنتەری قەزا | - | - | - | - | 9 | 100 | 9 | 13،6 | 940 | 50،7 | 914 | 49،3 | 1854 | 17،9 | 13 | 56،5 | 10 | 43،5 | 23 | 6 | 73 | 13،8 | 9 | 15،8 |
| گوندەکانی ناحیەی رزگاری | 2 | 9،5 | 1 | 4،8 | 18 | 85،7 | 21 | 31،9 | 2406 | 50،6 | 2347 | 49،4 | 4753 | 45،9 | 60 | 32،8 | 123 | 67،2 | 183 | 47،9 | 193 | 36،5 | 16 | 28 |
| گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك | - | - | - | - | 16 | 100 | 16 | 24،2 | 826 | 53،3 | 724 | 46،7 | 1550 | 14،9 | 16 | 47،1 | 18 | 52،9 | 34 | 8،9 | 103 | 19،5 | 14 | 24،6 |
| گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران | - | - | - | - | 20 | 100 | 20 | 30،3 | 1167 | 52،9 | 1039 | 47،1 | 2206 | 21،3 | 61 | 42،9 | 81 | 57،1 | 142 | 37،2 | 160 | 30،2 | 18 | 31،6 |
| گوندەکانی قەزا | 2 | 3 | 1 | 1،5 | 63 | 95،5 | 66 | 100 | 5339 | 51،5 | 5024 | 48،5 | 10363 | 100 | 150 | 39،3 | 232 | 60،7 | 382 | 100 | 529 | 100 | 57 | 100 |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات، 2023 (بلاونەکراوە)0

دەگاتە لە 3% ی سەرجەم قوتابخانەكانی ناوچەی توێژینەوە،هەروەها تەنها ( 1 ) قوتابخانەی كچان، كە بەرێژەی 1،5% و لە پالیشیدا 63 قوتابخانەی تێكەلاو هەیە كە بەرێژەی 95،5% ی سەرجەم قوتابخانە بنەرەتییەكانی نێو گوندەكانی قەزاكە.

بەگوێرەی گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكەش،قوتابخانە بنەرەتییەكان بە شێوازێكی جیاجیا بەرچاو دەكەون،بەجۆرێك لە كۆی گوندەكانی سەر بە سەنتەری قەزاكە لە ئەنجامی كەمی ژمارەی گوندەكانییەوە،كەمترین ژمارە قوتابخانەی گوندەكانی قەزاكەیان لەخۆگرتووە،كەدەگاتە (9) قوتابخانە، ئەوانیش سەرجەمیان لە جۆری قوتابخانەی تێكەلاون،كەبەرێژەیی 100%ی گوندەكانی سەر بە سەنتەری قەزاكە و لە 13،6% ی كۆی گوندەكانی قەزاكە لە خۆ دەگرێت،هەرچی گوندەكانی سەر بە ناحیەی رزگاری یە، لە ئەنجامی زۆری گوندنشینانی ناحیەكە (21) قوتابخانە لەخۆ دەگرێت، ئەوانیش (2)قوتابخانەیان لە جۆری كورانن، كە بە رێژەی 9،5 %،لە پالیشیدا تەنها (1) جۆر قوتابخانەی كچانی تێدایە،كە رێژەكەی دەگاتە 4،8%،لەهەمان كاتدا 18 قوتابخانەی تێكەلاو هەیە كەدەگاتە لە 85،7%ی گوندەكانی ناحیەكەو وەتێكرای قوتابخانەكان بەرێژەی 31،9%ی كۆی گوندەكانی قەزاكە،بەلام لە گوندەكانی

ناحیەی كەورگۆسگ 16 قوتابخانەی بنەرەتی تێدایە،ئەوانیش سەرجەمیان قوتابخانەی تێكەلاون، كە دەگاتە 100% ی كۆی قوتابخانەی گوندەكانی ناحیەكە و هەروەها بە رێژەی 24،2% ی كۆی گوندەكانی قەزاكە، هەرچی گوندەكانی ناحیەی دارەشەكرانە،خاوەن بەرزترین ژمارەی قوتابخانەی تێكەلاوە لە كۆی گوندەكانی قەزاكە، بە جۆرێك ژمارەكەیان دەگاتە(20) قوتابخانە،ئەوانیش سەرجەمیان لە جۆری قوتابخانەی تێكەلاون،كە بەرێژەی 100% ی كۆی گوندەكانی ناحیەكە و لە 30،3% ی كۆی گوندەكانی قەزاكە لە خۆ دەگرێت 0 شایەنی باسە،جیاوازی لە رووی ژمارەی قوتابخانە بنەرەتییەكان لە ناوچەی توێژینەوەدا،دەگەرێتەوە بۆ جیاوازی لە رووی ژمارەی دانیشتوانی گوندەكان لەسەر ئاستی گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكە .

**2- ژمارەی قوتابی:**

سەرجەم ژمارەی قوتابیانی قۆناغە بنەرەتییەكانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی توێژینەوەكەدا دەگاتە نزیكەی 10363 قوتابی بەهەردوو رەگەزی كوروكچ(خشتەی2)،بەجۆرێك ژمارەی قوتابیانی كور 5339 قوتابی و بەرێژەی 51،5% لە خۆدەگریت،هەرچی قوتابیانی كچە ژمارەكەیان دەگاتە 5024 قوتابی و بەرێژەی 48،5% سەرجەم گوندەكانی قەزاكە، بەواتایەكی تر، قوتابیانی كور بەرێژەی 3% لە قوتابیانی رەگەزی كچ بەرزترە،شایەنی باسە، بەرزی ژمارەی قوتابیانی رەگەزی كور لە بەرامبەر رەگەزی كچدا، دەگەرێتەوە بۆسروشتی هۆشیاری كۆمەلایەتی هەندێك لە گوندنشینان،كە لە ئەنجامی بوونی رێژەیەكی بەرچاو لە قوتابخانەی تێكەلاو، دەبێتە ئەوەی كە بوار بۆ كچەكانیان نارەخسێنن تاكو بچن بۆ قوتابخانە،لە پالیشیدا دووری خانووی هەرە زۆری قوتابیەكان لە پێگەی قوتابخانەكاندا،بۆتە گرفتێك بۆ هاتوچۆو گەیشتنیان بە قوتابخانە ،بەمەش رێژەی نەخوێندەوار بەرادەیەك بەرزبۆتەوە گەیشتبووە نزیكەی 31%ی كۆی دانیشتوانی ناوچەكە، بەمجۆرە كاریگەری نەرێنی لە پرۆسەی پەرەپێدانی ناوچەكەدا دەبێت، (بەرێوەبەرایەتی فێركردنی نائاسایی،2023).

هەرچی لەسەر ئاستی گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكەیە،ژمارەی قوتابی گوندەكانی سەر بە سەنتەری قەزاكە، دەگاتە 1854 قوتابی، بەجۆرێك قوتابیانی كور دەگاتە 940 قوتابی، هەروەها بە رێژەی 50،7% ی كۆی گوندەكانی یەكەكە، هەرچی قوتابیانی كچیشە 914 قوتابییە و بەرێژەی 49،3% ی گوندەكانی ناحیەكە پێك دەهێنێت، لەبەرامبەریشدا بە رێژەی 17،9% ی گوندەكانی قەزاكە لەخۆ دەگرێت، لە بەرامبەردا گوندەكانی سەر بە ناحیەی رزگاری ،كۆی ژمارەی قوتابیەكانیان دەگاتە 4753 قوتابی، كە بە رێژەی 45،9%ی گوندەكانی قەزاكە،شایەنی باسە،گوندەكانی ئەم ناحیەیە، بەرزترین رێژەی قوتابیانیگوندەكانی قەزاكەیان لە خۆگرتووە، بەجۆرێك قوتابیانی كور 2406 قوتابی و بەرێژەی 50،6% و قوتابیانی كچیش 2347 قوتابیە كە بەرێژەی49،4%،جێگای ئاماژە پێكردنە، زۆری ژمارەی قوتابیانی كور لە گوندەكانی ئەم یەكەیە دەگەرێتەوە بۆ بوونی (2) قوتابخانەی كوران،وەك قوتابخانەكانی(سێبیرانی هاوچەرخ و بەرسیفی) بنەرەتی كوران،سەبارەت بە گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسك،ژمارەی قوتابیەكانی 1550 قوتابییە،كە بەرێژەی 14،9% ی سەرجەم گوندەكانی قەزاكە ، بەجۆرێك قوتابیانی كور 826 قوتابی و بەرێژەی 53،3%، قوتابیانی كچیش 724 قوتابیە،بەرێژەی 46،7% ی گوندەكانی ناحیەكە،جێگای ئاماژە پێكردنە،گوندەكانی ئەم ناحیەیە،نزمترین رێژەی قوتابی گوندەكانی قەزاكەیان تۆماركردووە،هەرچی ناحیەی دارەشەكرانە،سەرجەم ژمارە قوتابیەكانی بەهەردوو رەگەزەوە خۆی لە 2206 قوتابی دەدات،بەجۆرێك 1167 قوتابی كور و بەرێژەی 52،9% و هەروەها 1039 قوتابی كچییش كە بەرێژەی

47،1%ی گوندەکانی ناحیەکە لەخۆدەگرێت،هەروەها لە سەر ئاستی گوندەکانی قەزاکەش بە رێژەی 21،3 % لەخۆدەگرێت (شێوەی 1).

**(شێوەی 1) دابەشبوونی شوێنیی بۆ قوتابخانە بنەرەتی و قوتابی و مامۆستا وهۆبە و بینایە لە گوندەکانی قەزای خەبات بۆ سالی خوێندن (2022 -2023)زایینی %**




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەست بە (خشتەی2)

جێگای ئاماژە پێکردنە،تێکرای ناو تۆمارکردنی قوتابیان لە قۆناغە بنەرەتییەکان لەدەستپێکی وەرزی خوێندنی 2022 –2023 زایینی، لە ناوچەی توێژینەوە، ژمارەکەیان نزیکەی 10961 قوتابی هەر دوو رەگەزی کور و کچ بوو ،بەلام تا کۆتا وەرزی خوێندنی هەمان سال، نزیکەی 598 قوتابی بە هەردوو رەگەزەکەوە خوێندنەکانیان جێهێشتووە،بە جۆرێك قوتابیانی جێهێشتووی کور جا چ بەهۆی ناچالاکی یاخوود بەهۆی فەسل کردنەوە بێت،ژمارەکەیان دەگاتە 322 قوتابی،لە بەرامبەریشدا قوتابیانی جێهێشتووی کچ بەهەمان شێوە ژمارەکەیان 276 قوتابییە،بۆیە لە ئێستادا تێکرای ژمارەی فیعلی قوتابیانی گوندەکانی قەزاکە 10363 قوتابییە بە هەردوو رەگەزی کور و کچ، بەم بارەوە تارادەیەك ژمارەی قوتابیە جێهیشتووەکان بەرزە، بەجۆرێك کاریگەرییەکی نەرێنی لە سەر رەوشی پەرەپێدانی پەروەردەدا هەیە،کە بە جۆرێك دەبێتە پالنەرێکی خراپ بۆ بونیادنانی نەوەیەکی بەرهەمهێنەر و پەرەپێدانی گوندەکانی قەزاکە(بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر،2023).

### 3- ژمارەی مامۆستا:

سەرجەم ژمارەی مامۆستایان لە قۆناغە بنەرەتییەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ماوەی توێژینەوەکەدا دەگاتە 382 مامۆستا بەهەردوو رەگەزی نێر و مێ(هەمان خشتەی 2)، بەجۆررێك 150 مامۆستای نێر و بەرێژەی39،3% و لە بەرامبەریشدا 232 مامۆستای مێ کە بەرێژەی 60،7% لە خۆ دەگرێت،شایەنی باسە،بەرزی رێژەی مامۆستای مێ لە بەرامبەر مامۆستای نێردا،دەگەرێتەوە بۆ زیاتر گواستنەوەی میلاکی مامۆستایانی مێ لە بەرێوەبەرایەتیە پەروەردەییەکانی تری پارێزگای هەولێر بۆ سەر میلاکی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات،چونکە هاوسنوورە و نزیکیشە لەگەل بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر(سەعید،2023).

بەلام ئەم ژمارەیە بەگوێرەی گوندە یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە گۆرانکاری بەسەردا هاتووە، بەجۆریك لە سەرجەم گوندەکانی سەر بە سەنتەری قەزاکە،ژمارەکەیان 23 مامۆستایە،کە 13 مامۆستا لە رەگەزی نێر و بەرێژەی 56،5% لە بەرامبەریشیدا 10 مامۆستایان لە رەگەزی مێ یە،ئەویش بە رێژەی 43،5%،هەروەها لە کۆی گوندەکانی قەزاکەشدا،نزمترین رێژە مامۆستا لە خۆ دەگرێت کە دەگاتە 6%، هەرچی گوندەکانی ناحیەی رزگاری یە سەرجەم ژمارەکەیان 183 مامۆستایە،بەجۆرێك 60 مامۆستای نێر و بەرێژەی 32،8% و هەروەها 123 مامۆستاش لە لەرەگەزی مێ یە، کە بەرێژەی 67،2% ی سەر ئاستی ناحیەکە، وە لە پالیشیدا لە سەر ئاستی گوندەکانی قەزاکە بەرێژەی 47،9% پێکدێنێت،کە بە بەرزترین رێژەی مامۆستا لەسەر ئاستی قەزاکەدا

هەژماردەكرێت،جێگـەی ئامـاژە پێكردنە،بـەرزی ئـەم ڕێـژە بـۆ زۆری ژمـارەی قوتابخانـە بنەڕەتییـە گونـدەكانی ئـەم یەكەیـە دەگەڕێتەوە،كە بەجۆرێك پێویستیان بە كـادیری فێركـاری زیـاتر هەیـە، لـە پالیشـیدا بـۆ زۆری ژمـارەی گوندنشـینانە،كەبەجۆرێك ژمارەكەیان دەگاتە 15602 كەس(پاشكۆی3).

سەبارەت بە گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسكیش،تێكرای ژمارەی مامۆستا دەگاتە 34 مامۆستا، بەجۆرێك 16 مامۆستا لە ڕەگەزی نێرن،كە بە ڕێژەی 47،1% وهەروەها 18 مامۆستاش لە ڕەگەزی مێ یە،بە ڕێژەی 52،9% ی ئاستی ناحیەكە لە خۆ دەگرێت،وە لەسەر ئاستی قەزاكەش ڕێزبەندی سێیەمی لە خۆگرتووە،كە دەگاتە 8،9 %،هەرچی گوندەكانی ناحیەی دارەشەكرانە142 مامۆستای هەیە، بەجۆرێك مامۆستایانی نێر دەگاتە 61 مامۆستا و بە ڕێژەی 42،9% و لە بەرامبەریشدا مامۆستایانی ڕەگەزی مێ دەگاتە 81 مامۆستا،كە بەرێژەی 57،1 %ی یەكەكە،تەنانەت ئەم یەكەیە لە سەر ئاستی سەرجەم گوندەكانی قەزاكە 37،2 % لە خۆ دەگرێت(هەمان شێوەی 1)،كە بە جۆرێك لە دوای گوندەكانی ناحیەی ڕزگاری،ڕێزبەندی دووەمی لە سەر ئاستی گوندەكانی قەزاكەدا لە خۆ گرتووە.

شایانی باسە، جیاوازی لە ژمارەی مامۆستا لە قوتابخانە بنەڕەتییەكان بە پێی گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكە،دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی كە لە ژمارەی قوتابخانە بنەرتییە گوندەكانی قەزاكەدا هەیە،هەروەها ئەو تا ڕادە جیاوازییەی كە لە ژمارەی مامۆستایانی نێوان هەردوو ڕەگەزەكەی نێر و مێدا هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نادادپەروەرییەی كە لە چۆنێتی دابەشبوونی میلاكاتی پەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و لە پالیشیدا لەیەكەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی قەزاكەدا هەیە،بۆیە پێویستە دووبارە دەست بە دابەشبوونی میلاكاتی پەروەردە بە شێوەیەكی ووردترو دادپەروەرانەتر بكرێت،تاكو ئاستی پەروەردە و توانستی فێركاری لە ناوچەكە بەرەو مەیدانێكی گەشاوە تر هەنگاو بنێت .

**4- ژمارەی هۆبە:**

ژمارەی هۆبە لە سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتییەكانی ناوچەی توێژینەوە بۆ سالی خوێندنی (2022 – 2023)زایینی، دەگاتە 529 هۆبە،بەلام لە سەر ئاستی گوندە یەكە كارگێرییەكاندا، هەروەك لە هەمان (خشتەی 2)دا دەركەوتووە،ژمارەكە هەلپەزین و دابەزینێكی پێوە دیارە، بە جۆرێك گوندەكانی سەنتەری قەزاكە بەهۆی كەمی ژمارەی قوتابخانەكانییەوە، نزمترین ژمارە و ڕێژە كە دەگاتە 73 هۆبەو بەرێژەی 13،8%ی سەر ئاستی گوندەكانی قەزاكەیان لەخۆ گرتووە، ئەوانیش بەسەر (9) قوتابخانەی سەرجەم گوندەكانی ناحیەكەدا دابەشبوونە،لە پالیشیدا گوندەكانی ناحیەی ڕزگاری،ژمارەی هۆبەیان دەگاتە 193 هۆبە و بەرێژەی36،5%،بەجۆرێك بەرزترین ڕێژە هۆبەی لەسەر ئاستی گوندەكانی قەزاكەدا تۆماركردووە،هەروەهابە سەر 21 قوتابخانەشدا دابەشبوونە،لەهەمان كاتدا گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسك ژمارە هۆبەكانی دەگاتە 103 هۆبە،وە بەرێژەی 19،5%،كە ئەوانیش بەسەر 16 قوتابخانەدا دابەشبوونە، سەبارەت بە ناحیەی دارەشەكرانیش ژمارە هۆبەكانی خۆی لە 160 هۆبە دەدات،كە لە دوای گوندەكانی ناحیەی ڕزگاری، ڕێزبەندی دووەمی سەر ئاستی گوندەكانی  قەزاكەی لەخۆ گرتووە، بەجۆرێك ڕێژەكەی دەگاتە 30،2%، (هەمان شێوەی 1) كە ئەوانیش بەسەر 20 قوتابخانەی ناحیەكەدا دابەشبوونە، شایەنی باسە، جیاوازی لە نێوان ژمارەی هۆبەكان لە ناوچەی توێژینەوەدا،دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی كە لە نێوان  هەریەك لە ژمارەی قوتابخانە و ناو تۆماركردنی قوتابییەكاندا هەیە.

**5- بینایەی قوتابخانە:**

بینایەی قوتابخانە،بنكەیەكی چالاكی قوتابیانە،كە كۆمەلێك ڕووبەری جیاواز لەخۆدەگرێت،كە بەهۆیەوە ڕێگە بە پرۆسەی فێركاری دەدات،وەك  شوێنی وانە ووتنەوە كتێبخانەو شوێنی كۆبوونەوەی كۆمەلایەتی و هۆلەكان،كە بەرەگەزێكی گرنگی پرۆسەی فێركردن هەژمار دەكرێن(Fouad and Sailer, 2019,p.3). سەبارەت بە بینایەی قوتابخانە لە ناوچەی توێژینەوە كە لە (هەمان خشتەی 2) دا دەركەوتووە،ژمارەیان دەگاتە 57 بینایە، كە بە شێوەیەك 66 قوتابخانەی تێدا دەوام دەكات، بەمەش دەردەكەوێت كە لە (9) بینایەی قوتابخانەدا،دیاردەی كورتهێنان لە قوتابخانە بنەڕەتییەكانی قەزاكەدا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی پێوەری تێكرای شوێنگرتنە(معدل الأشغال) (*)، كە (1 /1 قوتابخانە\ بینایە) ی دیاریكردووە، كە گومانی تێدا نییە، جگە لەوەی كورتهێنان لە ژمارەی ناونووسكردنی قوتابیدا سەر هەلدەدات،لە بەرامبەریشدا ئەم دۆخە دەبێتە هۆی تێكچوونی بینایەی قوتابخانە و دواتر كورتهێنان لە تەمەنی بینایەكە،لە ئەنجامی تێكەلبوونی دوو قوتابخانە لە نێو یەك بینایەدا،وەك لە ناحیەی ڕزگاری لە كۆمەلگەی كانی قرژالەدا، كە قوتابخانەی بەرسیفی بنەڕەتی تێكەلاو لە نێو بینایەی ئامادەیی دێدەوانی تێكەلاودا دەوام دەكات، بەمەش كاریگەری نێگەتیڤ

هەیە لەسەر ئاستی فێرکاریی و تەنانەت لەسەر بری پێوەری ئەو کاتەی کە بۆ هەر وانەیەکی خوێندنی نێو قوتابخانەکاندا تەرخانکراوە .

سەبارەت بە گوندە یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە،بینایەی قوتابخانەکان بە شێوازێکی جیاواز دابەشبووینە،بەجۆرێك هەریەك لە ناحیەکانی سەنتەری قەزاو رزگاری وکەورگۆسك و دارەشەکران بۆ هەریەکەیان بە رێژەی 15،8% و28%و24،6% و31،6 % ی ناوچەی توێژینەوەیان لە خۆگرتووە (هەمان شێوەی 1)، هەروەها گوندەکانی سەر بە سەنتەری قەزاکە،لە کۆی (9) قوتابخانەدا،(9) بینایەی

قوتابخانە لە خۆ دەگرێت، بەمەش دەردەکەوێت کە سەنتەری قەزاکە لەگەل ئەو ستاندارەدە تێکرایەی شوێنگرتن هاوتایە، هەرچی گوندەکانی ناحیەی رزگاری یە، ژمارەی بینایەی قوتابخانەکانیان لە کۆی 21 قوتابخانەدا دەگاتە 16 بینایە،بەمەش بۆ پرکردنەوەی کورتهێنانەکە پێویستی بە دابینکرنی (5) بینایەی نوێتری قوتابخانە هەیە، تا بتوانن هەر قوتابخانەیەك لە بینایەی تایبەتی خۆیاندا بە سەربەخۆیی دەوامەکانیان تێدا بکەن،هەرچی گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسکە،لەکۆی 16 قوتابخانەدا،ژمارەی بینایەی قوتابخانەکانیان دەگاتە 14 بینایە، کە بە پێی ستاندارەدە تێکراکە ،بری کورتهێنانی لە (2) بینایەدا هەیە،لە پالیشیدا گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران،کە زۆرترین ژمارە بینایەی لە سەر ئاستی گوندەکانی قەزاکەدا تۆمارکردووە،ژمارەکەیان دەگاتە 18 بینایە،ئەویش 20 قوتابخانەی تێدا دەوام دەکات،بەمەش بە پێی ستاندارەدە تێکراکەی شوێنگرتن، بری کورتهێنانی تەنها لە (2) بینایەدا هەیە.

### 3- جیاوازی شوێنیی بۆ خزمەتگوزاریەکانی فێرکاریی لە گوندەکانی قەزای خەبات:

کارلێکە شوێنجێییەکان،پەیوەستن بە هۆکارەکانی پەیوەندی و شیکاری، کەواتە بە زانینی واقیعی دیاردەکان ودابەشبوونیان و لەپالیشیدا زانینی سروشتی پەیوەندییەکان،ئەو کاتە گریمانەیەکمان بۆ فەراهەم دەکات بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان شوێنە جوگرافییەکاندا کە بە هۆیەوە کرداری کارلێکەری لە نێوانیاندا روو دەدات بزانین0(عطشان,2021,ص4)،لێرەدا جیاوازی شوێنیی بۆ خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان لە گوندەکانی قەزاکە دەخەینە روو:-

### (1-3) جیاوازی شوێنیی بۆ قۆناغە بنەرەتییەکان لە گوندەکانی قەزای خەبات:

بەسەیرکردنمان بە (خشتەی 3) بۆمان دەردەکەوێت کە ژمارەی گوندەکان لە سەرجەم ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە 65 گوند، بە جۆرێك ژمارەی ئەو گوندانەی کە بە قۆناغی بنەرەتی خزمەتکراون دەگاتە 55 گوند و بەرێژەی 84،6% ی گوندەکانی قەزاکە،لە بەرامبەریشدا ئەو گوندانەی کە خزمەت نەکراون بە قوتابخانە بنەرەتییەکان،ژمارەکەیان دەگاتە 10 گوند و بەرێژەی 15،4%ی سەرجەم گوندەکانی قەزاکە،بەلام بە پێی پێوەری دانیشتوان،کە جەخت لەوە دەکاتەوە بۆ هەر 600 کەسانێك پێویستە قوتابخانەیەکی بنەرەتی هەبێت(الالوسي,2018,ص386)،بە پەیرەوکردنی پێوەرەکە بەدەردەکەوێت کە کۆی ژمارەی گوندنشینانی قەزاکە 40263 کەسە(پاشکۆی3)، بەمەش گوندەکانی قەزاکە لە ئێستادا پێویستیان بە زیاتر لە 67 قوتابخانەی بنەرەتی هەیە(**)، ئەم بارەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لە سەرووی پێوەر و ستانداردی دانیشتوان دایە، لەگەل ئەوەشدا نەبوونی ئەو خزمەتگوزارییەی

**(خشتەی3)جیاوازی شوێنیی بۆ خزمەتگوزاری فێرکردنی بنەرەتی لەگوندەکانی قەزای خەبات بە گوێرەی یەکەکارگێرییەکان(2022 -2023)زاینیی**

| گوندە یەکە کارگێرییەکان | ژمارەی گوند | گوندی خزمەتکراو | % | گوندی خزمەت نەکراو | % |
|---|---|---|---|---|---|
| گوندەکانی سەنتەری قەزا | 4 | 4 | 100 | __ | __ |
| گوندەکانی ناحیەی رزگاری | 18 | 18 | 100 | __ | __ |
| گوندەکانی ناحیەی کەورگۆ سك | 18 | 13 | 72،2 | 5 | 27،8 |
| گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران | 25 | 20 | 80 | 5 | 20 |
| گوندەکانی قەزا | 65 | 55 | 84،6 | 10 | 15،4 |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەست بە: 1- قایمقامیەتی قەزای خەبات،2023 2- بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات،2023

فێرکردن لە نێو ئەو گوندانە، بۆ قەبارە بچووکەکانیان و هەروەها بۆ دووری هەندێکیان لە ناوەندە خزمەتگوزارییە شارەکاندا دەگەرێتەوە،کە بە جۆرێك هەرە زۆری خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان لە بەشەکانی باشوورو رۆژئاوای قەزاکەدا کۆبوونەتەوە(بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر،2023). سەبارەت بە گوندە نێو یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە،بە گوێرەی هەمان

(خشتەی3)،بۆمان دەردەكەوێت،كە هەریەك لە ناحیەكانی سەنتەری قەزا و رزگاری،تەواوی گوندەكانیان بە قوتابخانەی بنەرەتییەوە خزمەتكراون، بەجۆرێك ژمارە گوندەكانی سەنتەری قەزاكە (4)گوندەو ناحیەی رزگاریش 18 گوند،كە بۆ هەریەكەیان بەرێژەی 100%ی ئەم گوندانە بە قوتابخانە خزمەتكراون،هەرچی گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسكە، ژمارەكەیان 18 گوندە، بەجۆرێك ئەو گوندانەی كە خزمەت كراون بە قوتابخانە 13 گوندە وبەرێژەی 72،2%ی سەرجەم گوندەكانی ناحیەكە،بەبەراورد بەو گوندانەی كە خزمەت نەكراون ژمارەیان (5) گوندە، وەك گوندەكانی ئیفراز حاجی برایم و گاینجی گچكە و گاینجی سەربەست و گاینجی سەلاحەدین و گردەشێر،كەئەوانیش بەرێژەی 27،8% ی گوندەكانی ناحیەكە لە خۆدەگرێت،سەبارەت بە ژمارە گوندەكانی ناحیەی دارەشەكران دەگاتە 25 گوند،بە جۆرێك ژمارەی گوندی خزمەتكراو بە قوتابخانە تێیدا دەگاتە 20 گوندو بەرێژەی 80% ی گوندەكانی

ناحیەكە، لە بەرامبەریشدا ئەو گوندانەی كە خزمەت نەكراون تەنها (5) گوندە،بەرێژەی 20% ی گوندەكانی ناحیەكە،ئەوانیش وەك گوندەكانی گردمامك وسومەلیانی خواروو كێلە سپی و بیركان و چەمەبەگز(نەخشەی2).

**(نەخشەی2)گوندەكانی خزمەت نەكراو بە خزمەتگوزاری فێركاریی بنەرەتی لە قەزای خەبات (2023)زایینی**




سەرچاوە: كاری توێژەر بە پشتبەست بە : 1- بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر، 2023

شایەنی باسە،نەبوونی خزمەتگوزاری فێركاریی وەك قۆناغی بنەرەتی لە هەندێك لە گوندەكانی نێو یەكە كارگێرییەكانی قەزاكە،لەلایەك بۆ كەمی قەبارەی گوندشینان،لەلایەكی تردا بۆ ئەو ناهاوسەنگییەی كە لە دابەشبوونی قوتابخانەكاندا هەیە دەگەرێتەوە،بە جۆرێك هەندێك لە گوندەكانی قەزاكە لە پاڵ ئەوەی قەبارەی دانیشتوانەكەیان كەمە،كەچی خزمەتكراوە بە خوێندنی بنەرەتی،بۆ نموونە گوندی گردەشێر لەناحیەی كەورگۆسك، ژمارەی دانیشتوانەكەی 180 كەسە،خزمەت نەكراوە بە خوێندنی بنەرەتی ،كەچی بە بەراورد بەگوندی ئیفراز میران لەهەمان ناحیەدا،دانیشتوانەكەی 150 كەس دەبێت،لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی دانیشتوانەكە ی لە گوندی گردەشێر كەمترە،بەلام خزمەتكراوە بە خوێندنی بنەرەتی،لە لایەكی تر،هەر یەك لە گوندەكانی رەشوان یوسف و گەرودەلالان و هەبابان لە ناحیەی دارەشەكران، ئەوانیش بەهەمان شێوە قەبارەی دانیشتوانەكەیان لە گوندی ناوبراو كەمترە،بەلام خزمەتكراون بە خوێندنی بنەرەتی،هەروەها گوندی گاینجی سەربەست لە ناحیەی كەورگۆسك دانیشتوانەكەی دەگاتە 100 كەس،كەچی تا ئێستا بە خوێندنی بنەرەتی خزمەت نەكراوە،بەلام لە هەمان كاتدا گوندی كەوەسۆر دانیشتوانەكەی 88

کەس دەبێت(پاشکۆی3 )،خزمەتکراوە بە خوێندنی بنەڕەتی،ئەمەش ئاماژەیەکە کە ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی قوتابخانەکاندا هەیە،کە بەجۆرێك ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لە مەر ڕەوشی خوێندندا دەبێت و لە پالیشیدا دیاردەی نەخوێندەواریش روو لە زیادی دەکات.

**4- توانستە وەزیفییەکان بۆ خزمەتگوزاریە فێرکارییەکان لە گوندەکانی قەزای خەبات:**

توانستی وەزیفی،توانایەکی سیستەمی زانستیانەی پەروەردەییە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە،کار بۆ راپەراندنی ئەرکەکان دەکات، بەمەبەستی گەیاندنی باشترین خزمەتگوزاری پەروەردە بۆ هاولاتیان،بەکەمترین تێچوون و هەول وکورترین مەودا (الغريباوي,2012,ص163)،شایەنی باسە ئەم توانستە لە ڕێگەی چەندین نیشاندەری پەروەردەییەوە دەپێوریت،بە جۆرێك دەتوانین لە گوندەکانی قەزاکەدا بەو شێوەی خوارەوە شیکاریان بکەین:-

**(4 -1) توانستە وەزیفییەکان بۆ فێرکاریی بنەڕەتی:**

ئەم توانستە لە ڕێگەی چەندین نیشاندەری پلانییەوە پێوانە دەکرێت، پێویستە بەمر شێوازانەی خوارەوە روونیان بکەینەوە:-

**1 -نیشاندەر (قوتابی/قوتابخانە)**

ئەم نیشادەرە،ئاماژەیەکە بە ژمارەی قوتابیان بۆ هەر قوتابخانەیەك( حەمەخان، 2016،ص96)، لێرەدا بە تێبینی کردنمان بە (خشتەی4)،بۆمان دەردەکەوێت،کە تێکرای (قوتابی/قوتابخانە)لە سەرجەم گوندەکانی قەزای خەبات دەگاتە( 157 قوتابی/قوتابخانە،ئەو ژمارەیەش کەمترە لەو پێوانەیەی کە ستانداردی عێراقی بۆ ئەم خزمەتگوزارییە فێرکارییە دایناوە،کە بە(360) قوتابی/قوتابخانە،دیاریکردووە،(خشتەی5)،کەمی ئەم ژمارەیە کە لە خوار پێوانەکەدایە،دەگەرێتەوە بۆ زۆری ژمارەی قوتابخانە بەرامبەر بە قوتابی لە گوندەکانی قەزاکەدا.

سەبارەت بەگوندە نێو یەکەکارگێرییەکانی قەزاکە، گۆرانکارییەك لە تێکراکانیدا بەرچاو دەکەوێت،بەجۆرێك لە گوندەکانی سەنتەری قەزاکە،تێکراکەی دەگاتە(206)قوتابی/قوتابخانە،ئەمەش لەگەل ئەو پێوانە لۆکالییەی کەبۆی دیاریکراوە کەمترە،لەهەمان کاتدا لە گوندەکانی ناحیەی رزگاری دەگاتە (226)قوتابی/قوتابخانە،کە بە گوێرەی پێوانە لۆکالییەکەدا کەمترە،بەهەمان شێوە لە گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك،تێکراکە دەگاتە (96)قوتابی/قوتابخانە، هەرچی گوندەکانی ناحیەی دارەشەکرانە،تێکراکەی دەگاتە (110)قوتابی/قوتابخانە،ئەمەش بە گوێرەی ئەو پێوانە لۆکالییەعیراقییەی کە دیاریکراوە، لە خوار ئاستی پێوانەکەدایە.

**(خشتەی4)توانستی فێرکردنی بنەڕەتی لە گوندەکانی قەزای خەبات بەگوێرەی یەکە کارگێرییەکان بۆ سالی خوێندن (2022 -2023)زایینی**

| گوندە یەکەکارگێرییەکان | ژمارەی قوتابی | ژمارەی قوتابخانە | قوتابی / قوتابخانە | ژمارەی ماموستا | قوتابی/مامۆستا | ژمارەی هۆبە | قوتابی/هۆبە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گوندەکانی سەنتەری قەزا | 1854 | 9 | 206 | 23 | 80 | 73 | 25 |
| گوندەکانی ناحیەی رزگاری | 4753 | 21 | 226 | 183 | 25 | 193 | 24 |
| گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك | 1550 | 16 | 96 | 34 | 45 | 103 | 15 |
| گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران | 2206 | 20 | 110 | 142 | 15 | 160 | 13 |
| قەزا | 10363 | 66 | 157 | 382 | 27 | 529 | 19 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشتبەست بە: 1-بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات،2023

**(خشتەی 5)پێوانەکانی پلاندانانی عیراقی بۆ خزمەتگوزارییەکانی فێرکاریی بنەڕەتی**

| پێوانە | قۆناغی بنەڕەتی |
|---|---|
| قوتابی/قوتابخانە | 360 |
| قوتابی / مامۆستا | 20 |
| قوتابی/هۆبە | 30 |

سەرچاوە:1- مديرية العامة للتخطيط التربوي، 2005 2-الجبوري،2017،ص107

3- بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی،2023،(داتای بلاونەکراوە)

لە پوختەی باسەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم نیشاندەرە لە سەرجەم گوندەکانی قەزاکە لەخوار ئەو پێوانە لۆکالییە دایە کە بۆ خزمەتگوزاری فێرکردن دیاریکراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی قوتابی لە قوتابخانەکان،کە بە جۆرێك ناگاتە ئەو پێوەرەی کە بۆی دیاریکراوە،هەروەها بۆ کەمی ژمارەی ناو تۆمارکردنی قوتابیانە کە سەرجەم ژمارەکەیان لە 10363 قوتابی تێپەر ناکات،کە ئەمەش بە سەر 66 قوتابخانەدا دابەشبوونە،جگەلە مەودای نێوان ماڵی قوتابی لەگەل پێگەی قوتابخانەدا، کە هەرە زۆرینەیان لە 800 مەتر زیاترە،کە دواتر باسی لێوە دەکەین،ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ وازهێنانی قوتابی لە قوتابخانە،دواتریش بەشێك لە گوندنشینانی قەزاکە بایەخێکی ئەوتۆ بە پرۆسەی خوێندن نادەن،چونکە لەو کاتەی کەخوێندنی گشتی تەواودەکەن،ناتوانن وەك فەرمانبەرێکی حکومی دابمەزرێن،بەڵکو رووبەروی دیاردەی بێکاری دەبنەوە،ئەمەش یەکێکە لەو کۆسپ و تەگەرانەی کە بەرۆکی پرۆسەی پەرەپێدانی لادێیی دەگرێت.

### 2- نیشاندەر(قوتابی /مامۆستا)

ئاماژەیەکە بۆ ژمارەی قوتابی بۆ هەر مامۆستایەك لە نێو قوتابخانەیەکدا،بەشێوەیەك لەگەل زۆربوونیژمارەی قوتابیان بەرامبەرهەرمامۆستایەك،ئەوا ئەو توانستەخزمەتگوزارییەی کەبۆیان دابین کراوە،کەمتردەبێتەوە(سعید وشعلان،2014،ص324)0 بەسەیرکردنمان بەهەمان خشتەکانی (4،5)،بۆمان دەرکەوتووە، کە تێکرای (قوتابی/ مامۆستا)لە سەرجەم ناوچەی توێژینەوەدا دەگاتە(27)قوتابی/مامۆستا،ئەمەش بەرزترە لەو پێوانە وستانداردە لۆکالییەی کە بۆ (20) قوتابی/مامۆستا،دیاریکردووە.

بەلام لە سەر ئاستی یەکە کارگێرییەکاندا،گوندەکانی سەنتەری قەزاکە،لە نێو سەرجەم گوندە ناحیەکانی قەزاکەدا، رێزبەندی یەکەمی لە سەرووی پێوانەکەدا وەرگرتووە، کە تێکراکەی دەگاتە( 80)قوتابی /مامۆستا)،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ رادەیەك لە زۆری ژمارەی قوتابیان،بەرامبەر بە کەمی ژمارەی مامۆستا،ئەویش بە هۆکاری ناهاوسەنگی لەدابەشکردنی میلاکاتی مامۆستایانی پەروەردە لە قوتابخانە بنەرەتییەکان،هەرچی لە گوندەکانی ناحیەی رزگاری یە، تێکراکەی دەگاتە (25)قوتابی /مامۆستا،ئەمەش بەهەمان هۆکاری یەکەکەی پێشووتر،لە سەرووی پێوانەکەدایە،لە پالیشیدا لە گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك، تێکرای پێوەرەکە دەگاتە (45) قوتابی/مامۆستا،کە بەهەمان جار لە سەرووی پێوانەکە دایە،بەلام لە گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران،کە کۆتا رێزبەندی گوندەکانی قەزاکەی لە خۆگرتووە،دەگاتە(15) قوتابی/مامۆستا،ئەمەش تاکە ناحیەیە کە گوندەکانی لە خوار پێوانەکەدایە،جێگەی ئاماژە پێکردنە، بەرزی ژمارەی قوتابی بەرامبەر بە ژمارەی مامۆستا یاخود بەواتایەکی تر،کەمی ژمارەی مامۆستا بەرامبەر بە قوتابی لە گوندەکانی قەزاکەدا، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە:-

1- دانەمەزراندنی مامۆستایانی نوێ لە کاتی ئێستادا،سەرەرای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەرچووانی کۆلێژ و پەیمانگەکان،بۆ چارەسەرکردنیشی پێویستی بە پلانێکی تۆکمە هەیە لەلایەن بەرپرسانی تایبەت بەو بوارە،تاکو ببێتە پالپشتێك بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو توانستە فێرکارییە و هەروەها ئەو رەوشە پەروەردەیەی کە لەناوچە گوندنشینەکانی قەزاکەدا هەیە.

2-سروشتی سیستەمی باوی دامەزراندن وچۆنیەتی پابەندبوون بە خزمەتکردنیان لە ناوچە گوندنشینەکان،بەو پێیەی مامۆستای نوێ دوای چەند سالێکی کەم لە خزمەتکردنیدا بۆیان هەیە روو لە شارەکان بکەن،ئەمەش دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی کادیرانی فێرکردن و تەنانەت دەبێتە کەموکوری لە بواری پلاندانانda(عەلی،2023).

### 3- نیشادەر (قوتابی/هۆبە)

ئاماژەیەکە بە ژمارەی قوتابی بۆ هەر هۆبەیەك،بە واتایەکی تر،رێژەیەك لە نێوان ژمارەی قوتابیان بە ژمارەی هۆبەکان روون دەکاتەوە،لە رێگەی دابینکردنی ژمارەیەکی گونجاوی هۆبە بەپێی ژمارەی قوتابیان،بەمجۆرە دەبێتەخزمەتێکی پر بایەخی تەواوکار،بۆ توانستی ئەم خزمەتگوزارە فێرکارییە،کە لە لایەن مامۆستاوە بۆ قوتابیەکان فەراهەم دەکرێت(سعید وشعلان،2014،ص325)0

سەبارەت بەو نیشاندەرە لە ناوچەی توێژینەوە،لەسالی خوێندنی(2022- 2023)زایینی،کە وەك لە هەمان خشتەکانی(4 و5)دا هاتووە،تێکراکەی دەگاتە (19)قوتابی/هۆبە،ئەمەش لە خوار ئەو پێوانە دایە کە وەزارەتی پەروەردەی عیراقی بۆ خزمەتگوزاری فێرکردن کە (30)قوتابی/هۆبەیە،دیاریکردووە،ئەو بارەی کە لە ئارادایە، ئەوە دەسەلمێنیت کە ئاماژەیەکی پرشنگدارە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بنەرەتییەی کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی قوتابیاندا هەیە.

سەبارەت بە گوندە یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە،ئەم پێوانەیە تا رادەیەکی کەم گۆرانکاری بەخۆوە بینیووە،بەجۆرێك لە گوندەکانی سەنتەری قەزاکەدا دەگاتە (25)قوتابی/هۆبە،لە هەمان کاتدا گوندەکانی سەر بە ناحیەی رزگاریش دەگاتە (24)قوتابی/هۆبە،لە

پالیشیدا لە گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك خۆی لە (15)قوتابی/هۆبە،دەدات، هەرچی گوندەکانی ناحیەی دارەشەکرانە،نزمترین ژمارە پێوەری لەنێو یەکەکارگێرییەکانی قەزاکەدا تۆمارکردووە،دەگاتە (13)قوتابی/هۆبە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ژمارەی هۆبە کە ژمارەکەیان (160) هۆبەیە،بە بەراورد بە ژمارەی قوتابی.

شایەنی باسە،تێکرا ژمارەی قوتابی لە نێو سەرجەم هۆبەکانی ناوچەی توێژینەوەدا،لە خوار پێوانەی پلاندانانی عیراق دان،ئەمەش بۆ زۆری ژمارەی هۆبە بە بەراورد بە ژمارەی قوتابیەکان دەگەڕێتەوە،جگە لەمەش،زۆری ژمارەی هۆبەکان لە نێو هەریەك لە گوندە یەکە کارگێرییەکانی قەزاکەشدا، بەشێوەیەك ئەوانیش سەرجەمیان لە خوار پێوانەکە دان،ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی دێنێتە ئاراوە،کە بەجۆرێك بەرەو پێشچوونی زیاتری ئاستی زانستی قوتابیانی لێدەکەوێتەوە،لە پالیشیدا بواری زیاتر بۆ مامۆستا دەرەخسێنێت، تاکو زانیاری زیاتر بگەیێتە هزری قوتابیەکان لە نێو پۆلدا،لەبەرامبەریشدا قوتابیەکان هەلی زیاتریان بۆ فەراهەم دەبێت،تا بەشداری لە بابەتەکەدا بکەن،ئەمەش دەبێتە ئاماژەیەکی پرشنگدار بۆ پەرەپێدانی زیاتری توانستی خوێندنە بنەرەتییەکان.

**4- ئاسان گەیشتن بۆ نزیکترین قوتابخانەی بنەرەتی:**

ئەو مەودایەیە کە تاکە کەسێك پێیدا دەڕوات بە ئامانجی گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکە،یاخود پێوەرێکی زانستیانەیە کە لە پێوانەکردن و هەلسەنگاندنی ڕاییکاری خزمەتگوزارییە فێرکارییەکاندا بەکار دێت(عبدالعاني،العاني،2020،ص419)0لێرەدا تا زۆرترین پلەی سەلامەتی و ئاسوودەیی تاکەکەس بۆ گەیشتن بەو خزمەتگوزارییە دەستەبەر بکەین ،پێویستە پشت بە ستانداردی پەیوەست بەو بابەتە ببەستین،بۆ دیاریکردنی ئەو مەودایەی کە تاکە کەسێك بە پێیەکانی بۆ گەیشتن بەو قوتابخانەیە دەیبڕێت. لێرەدا بەسەیرکردنمان بە(خشتەی 6)بۆمان دەردەکەوێت،کەقوتابیانی ناوچەی توێژینەوە،لە 21،7%ی سامپلی توێژینەوەکەدا هاتووە،مەودایەك دەڕۆن بۆ قوتابخانە کە (کەمتر لە 400م)دەبێت،لە پالیشیدا لە 20،4% ی مەودایەك دەڕۆن کە لە نێوان( 400 - 800م) دەبێت،کەچی ئەو قوتابیانەی کە مەودای ڕۆیشتنەکەیان بۆ قوتابخانە بۆ (زیاتر لە 800 م)دەبێت، ڕێژەکەیان دەگاتە 57،9% ی ئاستی گوندەکانی قەزاکە،ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە کە بەجۆرێك زیاتر لە نیوەی قوتابیەکان مەودایەکی درێژ بە پێیەکانیان دەڕۆن

**(خشتەی6) مەودای ڕۆیشتن (مەتر) و کاتی تەرخانکراو(خولەك) بۆ نزیکترین قوتابخانەی بنەرەتی لە گوندەکانی قەزای خەبات بۆ سالی خوێندن (2022 -2023)زایینی (%)**

| گوندە یەکە کارگێرییەکان | مەودای ڕۆیشتن (مەتر) | | | | کاتی تەرخانکراو (خولەك) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمتر لە400م | 400 - 800م | زیاتر لە 800م | کۆی | کەمتر لە 5خولەك | 5-10 خولەك | زیاتر لە 10 خولەك | کۆی |
| گوندەکانی سەنتەری قەزا | 11،1 | *33،4* | *55،5* | 100 | 29،6 | 29،6 | 40،8 | 100 |
| گوندەکانی ناحیەی ڕزگاری | 31،4 | 15،7 | 52،9 | 100 | 45،1 | 15،7 | 39،2 | 100 |
| گوندەکانیناحیەی کەورگۆسك | 16 | 20 | 64 | 100 | 16 | 20 | 64 | 100 |
| گوندەکانی ناحیەی دارەشەکران | 28،1 | 12،5 | 59،4 | 100 | 28،1 | 15،6 | 56،3 | 100 |
| گوندەکانی قەزا | 21،7 | 20،4 | 57،9 | 100 | 29،7 | 20،2 | 50،1 | 100 |

سەرچاوە:پاشکۆی ژمارە( 1و 2)

بۆ قوتابخانە،بەتایبەتیش بۆ قوتابیانەی کە خاوەن تەمەنێکی بچووکن،بەجۆرێك توانای بەرگەگرتنیان بۆ ئەو مەودا درێژە نییە،بەمجۆرەش ئەم بارە لەگەل ستانداردی پلانی پەروەردەییدا هاوتا نابێت کە(400 –800م)ی دیاریکردووە(خشتەی 7).

**(خشتەی7) پێوانەی پلاندانانی شوێنیی بۆ دیاریکردنی مەودای ڕۆیشتن بە (پێ)بە گوێرەی قۆناغی خوێندنی بنەرەتی**

| قۆناغی خوێندن | ماوە بە (مەتر) | کات بە (خولەك) |
|---|---|---|

| | | |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | 800 - 400 | 10- 5 |

سەرچاوە :1- الاوسي،2018،ص384 2-مديرية العامة للتخطيط التربوي،2005،ص9 3-بەڕێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی،2023

سەبارەت بە مەودای ڕۆیشتن بۆ نزیکترین قوتابخانە بنەڕەتییەکان بە پێی یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکە،وەك لە (شێوەی 2)دا دیارە، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە نێو گوندە یەکەکانی قەزاکە بەرچاو دەکەوێت،بەجۆرێك لە گوندەکانی سەنتەری قەزاکە،بەڕێژەی 11،1% ی ئەو مەودایەی کە قوتابییەکان بە ڕۆیشتن دەیبڕن،دەگاتە(کەمترلە 400 م)،لەهەمان کاتدا لە 33،4%ی سامپلی توێژینەوەکەدا هاتووە،ئەو مەودایەی کە قوتابییەکان پێیدا دەڕۆن لە مالەوە بۆ قوتابخانە دەگاتە (400–800م)، لەکاتێکدا لە 55،5% ی سامپلی توێژینەوەکەدا وەلام دراوەتەوە،کە مەودای ڕۆیشتنی قوتابیان(زیاترلە800م)دەبێت،ئەمەش لە سەرووی ئەو پێوانە پلاندانانە شوێنییە کە بۆی دیاریکراوە،بەمجۆرەش ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی لە بەرزبوونەوەی دیاردەی جێهێشتنی قوتابیان لە خوێندندا دروست دەکات،بەتایبەتیش قوتابیانی کچ، بەمەش پلەو ئاستی فێرکاریی روو لە دابەزین دەکات،بە تایبەتیش بۆ دانیشتوانی ئەو گوندانەی کە شوێن پێگەکەیان تا رادەیەك دوورە، وەك گوندی چەمەدوبس،بەلام لە گوندەکانی ناحیەی رزگاری،کە لە سامپلی

توێژینەوەکەدا وەلام دراوەتەوە،بە ڕێژەی 31،4% ی مەودای ڕۆیشتنەکەیان (کەمتر لە 400 م) دەبێت،لەکاتێکدا لە 15،7% ی،مەودای ڕۆیشتنەکەیان لە نێوان(400 -800 م) دەبێت،لە پالیشدا لە 52،9% ی وەلام دراوەتەوە کە مەودای ڕۆیشتنەکەیان(زیاتر لە 800 م) دەبێت، ئەم بارەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لەسەرووی پێوانەکەدایە،ئەمەش کاریگەری خراپی لە سەر ئاستی فێرکاریی دەبێت،کە بە هۆیەوە وەك پێشتر ئاماژەمان پێیدا،دیاردەی جێهێشتنی قوتابی لە نێو قوتابخانەکاندا هەلدەکشێت، هەرچی گوندەکانی ناحیەی

کەورگۆسکە،بە ڕێژەی 16% ی سامپلی توێژینەوەکەدا وەلام دراوەتەوە،کە مەودای ڕۆیشتنی قوتابی لە مال بۆ قوتابخانە (کەمتر لە 400 م)بووە،لەکاتێکدا لە 20% ی سامپلی توێژینەوەکە مەودای ڕۆیشتنەکەیان لە نێوان (400 -800 م) بووە،کەچی لە 64%ی مەودای

***(شێوەی2)مەودای ڕۆیشتن بە (پێ)بۆ نزیکترین قوتابخانەی بنەڕەتی لە گوندەکانی قەزای خەبات بۆ سالی خوێندن (2023-2022) زایینی %***




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشتبەست بە (خشتەی6)

رۆیشتنەكەیان (زیاتر لە 800 م) بووە،ئەمەش بە پێی پێوانە پلاندانانە شوێنییەكە رێژەكەی تارادەیەك بەرزە،بەلام لە گوندەكانی ناحیەی دارەشەكران،لە 28،1% ی سامپلی توێژینەوەكەدا وەلامیان داوەتەوە،كە مەودای رۆیشتنەكەیان (كەمترە لە 400 م)،لە كاتێكدا لە 12،5% ی،مەودای رۆیشتنەكەیان لە نێوان (400 -800 م) دەبێت،گومانی تێدا نییە،ئەم بارە ئەوە دەسەلمێنێت ، كەلە خوار پێوانە پلاندانانەكە دایە كە بەجۆرێك (400 -800 م) ی وەك ستاندارد دیاریكردووە،لە لایەكی تر، لە 59،4%ی نێو گوندەكانی ئەم یەكەیەدا،مەودای رۆیشتنیان (زیاتر لە 800 م) دەبێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كە ئەم بارە لە ئاست پێوانەكەدا بەرزترە.

بەلام سەبارەت بە پێوانەی ئەو (كات)ەی كە بۆ مەبەستی گەیشتنی قوتابیەكان لەمالەوە بۆ قوتابخانە بنەرەتییەكان تەرخانكراوە،لەهەمان خشتەكانی پێشووی (6و7)دا دەردەكەوێت كەلە سەرجەم گوندەكانی قەزااكە بە رێژەی 29،7% ی سامپلی توێژینەوەكەدا هاتووە،(كەمتر لە 5 خولەك) دەخایەنێت، تا دەگەنە قوتابخانە، لە بەرامبەریشدا بەرێژەی 20،2% ی قوتابیان تا دەگەنە قوتابخانە بە ماوەی نێوان (5 -10 خولەك) دایە،لە كاتێكدا بە رێژەی 50،1% ی بە (زیاتر لە 10 خولەك)، دەخایەنێت تا دەگەنە قوتابخانە،ئەمەش تا رادەیەك لە سەرووی پێوانە پلاندانانە پەروەردەكە دایە،كە( 5 - 10خولەك)ی وەك ستاندارد دیاریكردووە.

سەبارەت بە گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكە، گۆرانكارییەكی بەرچاو لە رێژەكاندا بەر چاو دەكەوێت،بە جۆرێك لە گوندەكانی سەنتەری قەزاكە،لە 29،6% ی سامپلی توێژینەوەكەدا وەلام دراوەتەوە، ماوەی ئەو كاتەی كە بۆ گەیشتنی قوتابی بە قوتابخانە (كەمتر لە 5 خولەك )دەخایەنێت،لە كاتێكدا دیسان لە 29،6% ی كاتی تەرخانكراو بە ماوەی (5 -10خولەك) دەخایەنێت، لە بەرامبەریشدا بە رێژەی 40،8% ی سامپلەكە وەلامیان ئەوە بووە، كە ماوەی گەیشتنیان بۆ قوتابخانە بە(زیاتر لە 10 خولەك) بووە،ئەمەش لە سەرووی پێوانە پلاندانانەكە دایە، هەرچی گوندەكانی ناحیەی رزگاری یە،بەرێژەی لە 45،1% ی قوتابیەكان بە (كەمتر لە 5 خولەك)دا دەگەنە قوتابخانە،لە كاتێكدا لە 15،7% ی بە ماوەی (5 -10 خولەك) دەخایەنێت بەگەیشتنیان بۆ قوتابخانە،هەرچی بە ماوەی (زیاتر لە 10 خولەك)یشە، رێژەكەی دەگاتە 39،2%، بەلام لە گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسك، بە رێژەی لە 16% ی سامپلی توێژینەوەكە وەلامیان داوەتەوە، بە ماوەی (كەمتر لە 5 خولەك) دەگەنە قوتابخانەكانیان،لە كاتێكدا بە رێژەی لە 20% ی قوتابیان لە ماوەی ( 5 -10 خولەك) دەگەنە قوتابخانەكانیان،وە بە رێژەی لە64%ی قوتابیەكان بە گەیشتنیان بۆ قوتابخانە بنەرەتییەكان بە (زیاتر لە 10 خولەك)دەخایەنێت، شایەنی باسە بەرزی ئەم رێژەیە لە ئاست پێوانە پلاندانانەكە بەرزترە،هەرچی گوندەكانی ناحیەی دارەشەكرانە،بە رێژەی 28،1% ی سامپلی توێژینەوەكە،بە گەیشتنیان بۆ قوتابخانە بە ماوەی (كەمتر لە 5 خولەك) دەبێت،لە كاتێكدا بە رێژەی 15،6% ی، سامپلی توێژینەوەكەدا ئاماژەی پێكراوە،بە ماوەی (5 -10 خولەك) دەخایەنێت، هەرچی (زیاتر لە 10 خولەك)یشە،رێژەكەی 56،3% بووە،كە ئەمەش لە سەرووی پێوانە پلاندانانە پەروەردەكە دایە0

لە پوختەی باسەكەدا بۆمان دەردەكەوێت،مەودای رۆیشتنی قوتابییەكان بە پێ لە مالەوە بۆ نزیكترین قوتابخانە بنەرەتییەكان،لە ناوچەی توێژینەوە،هەرە زۆرینەیان بۆ (زیاتر لە 800 م) دەبێت،ئەم بارەش لە سەرووی پێوانە پلاندانانەكە دایە،لە بەرامبەریشدا كاتی تەرخانكراو بە گەیشتنی قوتابیەكان بۆ نزیكترین قوتابخانە،بەرێژەیەكی بەرچاو بە ماوەی (زیاتر لە 10 خولەك)بووە،شایەنی باسە،ئەم رێژەیەش تا رادەیەك بەرزە،بەجۆرێك كاریگەری لەسەر بە درەنگ گەیشتن بە دامەزراوە پەروەردەییەكانەوە دەبێت،دواتریش دەبێتە مایەی ئاست دابەزینی پرۆسەی فێركردن كە لە پرۆسەی پەرەپیدانی لادێیەكاندا رەنگدەداتەوە.

## دەرەنجام

لە توێژینەوەكەماندا بە كۆمەلێك دەرەنجام گەیشتین، گرنگترینیان بریتین لە:-

1-لە ئەنجامی جیاوازی ژمارەی گوندو گوندنشینانداا،ژمارەی قوتابخانە بنەرەتییەكان بە شێوەیەكی یەكسان لە نێو گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكەدا دابەش نەبووینە.

2-جۆری قوتابخانە تێكەلاوەكان،لە نێو گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكەدا،بەرزترین ژمارەیان تۆماركردووە،كە دەگاتە 63 قوتابخانە و بەرێژەی 95،5%ی سەرجەم قوتابخانە بنەرەتییە نێو گوندەكانی قەزاكە.

3-گوندەكانی ناحیەی رزگاری،بەرزترین رێژەی قوتابیانی ناوچەی توێژینەوەیان لە خۆ گرتووە كە دەگاتە 45،9%،لە بەرامبەریشدا گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسك،خاوەن نزمترین رێژەی قوتابیانن كە دەگاتە 14،9% ،ئەمە جگە لە بەرزی رێژەی قوتابیانی كور بەرامبەر بە رەگەزی كچ،بە جۆرێك قوتابیانی رەگەزی كور لە 51،5% و قوتابیانی كچیش لە 48،5% پێكدەهێنێت، ئەمەش بۆ كەمی هۆشیاری كۆمەلایەتی هەندێك لە گوندەكانە كە بوار بە كچەكانیان نادەن،خوێندنەكانیان تەواو بكەن ،بەجۆرێك كاریگەری نەرێنی لە سەر پرۆسەی پەروەردەو پەرەپێدانی لادێیدا هەبووە.

4- رێژەی مامۆستایانی مێ لەرێژەی مامۆستایانی نێر زیاترە،بە جۆرێك مامۆستایانی رەگەزی مێ رێژەكەیان دەگاتە 60،7%، لە بەرامبەریشدا مامۆستایانی نێر لە 39،3% لەخۆدەگرێت،بەرزی رێژەی مامۆستایانی مێ دەگەڕێتەوە بۆ گواستنەوەی زیاتری میلاكاتی مامۆستایانی مێ لە بەرێوەبەرایەتییە پەروەردەییەكانی تری پارێزگای هەولێر بۆ سەر میلاكی بەریوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات، كە بەجۆرێك لەگەل بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێردا هاوسنوورە وهاتووچۆی تێدا ئاسانترە .

5-بینایەی قوتابخانە لەناوچەی توێژینەوە بە بەرامبەر بە ژمارەی قوتابخانەكاندا یەك ناگرێتەوە،بە جۆرێك لە كۆی 66 قوتابخانەدا،تەنها 57 بینایەی قوتابخانە هەیە،بەمجۆرەش كورتهێنان لە (9)بینایەدا بەرچاو دەكەوێت،كە لە خوار ستانداردی تێكرای شوێنگرتن دایە،بەمەش رەنگدانەوەیەكی نێگەتیڤی لە سەر كرداری پەروەردەو فێركارییدا جێهێشتووە.

6- لەرووی خزمەتگوزاری فێركردنەوە،گوندەكانی قەزاكە بەرێژە و شێوەی جیاجیا دابەشبوونە،بە جۆرێك لە 84،6% ی گوندەكانی قەزاكە بە قوتابخانە خزمەتكراون،لە بەرامبەریشدا لە 15،4% ی گوندەكان،خزمەتگوزارییەكی وەك قوتابخانەیان تێدا نییە،بەجۆرێك نادادپەروەرییەك لە دابەشبوونی ئەم خزمەتگوزارییە بەرچاو دەكەوێت كە پێشكەش بە گوندنشینانی قەزاكە دەكرێت،ئەمەش رەنگدانەوەیەكی نەرێنی لە رەوشی خوێندن ودیاردەی نەخوێندەواری فەراهەم كردووە.

7-تێكرای ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانە بنەرەتییەگوندەكانی قەزاكەدا،(157 قوتابی/قوتابخانە)بووە،ئەمەش لەخوار پێوانە پلاندانانە پەروەردەییەكە دایە،لەپالیشیدا تێكرای ژمارەی (قوتابی/مامۆستا)گەیشتۆتە(27)قوتابی،ئەمەش بەرزترە لەو پێوانە پلاندانانە عیراقییەی كە پێوەرەكەی بۆ(20قوتابی/مامۆستا)دیاریكردووە،بەلام سەبارەت بە تێكرای(قوتابی/هۆبە)گەیشتۆتە(19 قوتابی/هۆبە)،ئەمەش بارێكی پۆزەتیڤانەیە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان،چونكە لە خوار پێوانە ستانداردە پەروەردەكە دایە كە (30)قوتابی بۆ هەر هۆبەیەكی دیاریكردووە.

8- پێوانەكانی ئاسان گەیشتن و مەودای كات بۆ پێگەی قوتابخانەكان لە نێو گوندەكانی قەزاكەدا، بە شێوازێكی جیاواز بەرچاو دەكەون،بەجۆرێك 21،7% ی قوتابیەكان مەودایەك دەبرن بۆ گەیشتن بە قوتابخانە (كەمترە لە 400 م)،لە بەرامبەردا لە 20،4% ی لەنێوان (400 -800 م) دایە،كەچی ئەوانەی (زیاترە لە 800 م)،رێژەكەیان دەگاتە 57،9%،ئەمەش لە سەرووی پێوانە پلاندانانەكە دایە،سەبارەت بە پێوانەی كاتیش،ئەو قوتابیانەی بە (كەمترلە5خولەك)دەگەنە قوتابخانە،رێژەكەیان 29،7 % دەبێت،ئەوانەشی بە پێی پێوانە پلاندانانەكەیە كە (5-10 خولەك)ی دیاریكردووە،رێژەكەیان دەگاتە 20،2 % لەبەرامبەردا بەرێژەی 50،1%ی بە (زیاتر لە10 خولەك)دەخایەنێت،كە لە سەرووی پێوانەكەدایە0ئەمەش لە ئەنجامی دروست نەكردنی قوتابخانەكانە بەپێی پێوانە پەروەردەییەكان،كە بە هۆیەوە كاریگەرییەكی خراپی لە سەر ئاستی فێركاریی،لەرێگەی دیاردەی جێهێشتنی قوتابیەكان لە نێو قوتابخانەكاندا جێهێشتووە.

## راسپاردە

1-چالاككردنی زیاتری رۆلی پلاندانانی پەروەردەیی لە دابەشكردنەوەی قوتابخانەكان بە شێوەیەكی دادپەروەرانە،كە بە جۆرێك هەموو گوندە یەكە كارگێرییەكانی قەزاكە بگرێتەوە.

2-دابینكردنی ژمارەیەكی پێویست لە بینایەی قوتابخانە،كە بە جۆرێك بتوانێت بەشدار بێت لەكەمكردنەوەی ئەو كورتهێنانەی كە لە بینایەی قوتابخانەكاندا دەوامی دوو شەفتی تێدا هەیە،وەك لە گوندەكانی ناحیەكانی رزگاری بە تایبەتی و هەروەها لە گوندەكانی ناحیەی كەورگۆسك و دارەشەكران بە شێوەیەكی گشتی.

3- كار بكرێت بۆ دابینكردنی زیاتری خزمەتگوزاری فێركردن بۆ ئەوەی سەرجەم گوندەكانی قەزاكە بگرێتە ئەستۆ،بە تایبەتیش ئەو گوندانەی كە خزمەت نەكراون بەو خزمەتگوزارییە.

4- كار بكرێت بۆ دامەزراندنی زیاتری مامۆستایان بە شێوەیەكی هەمیشەیی لە گشت بوارەكاندا ،بە تایبەتیش لە گوندەكانی سەر بەسەنتەری قەزاكە،ئەویش بۆ پركردنەوەی ئەو كەموكوڕییەی كە دەبێتە مایەی پەككەوتنی پرۆسەی پەروەردە.

5-سەر لە نوێ دابەشكرنەوەی شوێنپێگەی قوتابخانەكان لە نێو گوندەكانی قەزاكە،بەجۆرێك لەگەل ستاندارد و پێوەرەكانی بەئاسان گەیشتن ومەودای كات لە مالی قوتابی بۆ قوتابخانە یەكبگرێتەوە.

## پەراوێزی توێژینەوە

(*)ئێكرای شوێنگرتن،لە ڕێگەی دابەشبوونی ژمارەی قوتابخانەكان بەسەر ژمارەی بینایەكان ئەنجام دەدرێت0بروانە:( الجبوي و الحميداوي،2020،ص97).

(**) بە پێی پێوەری پێشبینیكردنی دانیشتوان بروانە(غەفور،2018،لا45)،ژمارەی گوندنشینان لە ساڵی 2035 ی زایینیدا دەگاتە 56082 كەس،وە لە ڕێگەی ئەو ماوە كاتییەی كە بۆ پێداویستی داهاتوو لە ساڵی 2023 تاكو 2035 ی زایینی، ئاماژەم بۆ كردووە،ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە 93 قوتابخانە دەبێت،لە كاتێكدا ئێستا خاوەنی 66 قوتابخانەیە،كەواتە تاكو ساڵی 2035 زایینی پێویستی بە 27 قوتابخانەی تر دەبێت،بۆیە پێویستە پلاندانەرانی تایبەت بەو بوارە تاكو ساڵی ئامانج، بە لایەنی كەم ساڵانە (2)قوتابخانە دروست بكەن.

## لیستی سەرچاوەكان

### سەرچاوە عەرەبیەكان


- الاوسي،ان نافع،(2018)،معايير الاسكان الحضري والريفي في العراق،وزارة الاعمار والاسكان والبلديات الاشغال العامة،دائرة الاسكان،بغداد.
- بن غضبان،فؤاد،(2020)،جغرافية الخدمات،دار اليازوري للنشر والتوزيع،عمان.
- جابر،اسلام محمد،نورالدين،امل ابراهيم،(2017)،مشروع تحليل المكاني للخدمات التعليمية بمدينة قنا،جامعة جنوب وادي،كلية اداب، ،مصر.
- الجبوري،حامد عبدالحسين،( 2016)،التنمية الريفية والحد من التركز السكان،شبكة النبأ المعلوماتية،مركز الامام الشيرازي للدراسات والبحوث،بلا مكان الطبع.
- الجبوري،زينب يعقوب يوسف،(2017)،التحليل المكاني للخدمات التعليمية في ريف القضاء الديوانية وامكانات تنميتها،رسالة ماجستير، جامعة القادسية،كلية الاداب،قسم الجغرافية،قادسية.
- الجبوي،حسن عبود ديمون،الحميداوي،فلاح فرحان،(2020)،مؤشرات التنمية الريفيةفي قضاء الشامية (الواقع التعليمي_نموذجا)،مجلة القادسية،عدد(2)،جامعة القادسية،قادسية.
- جمهورية العراق ،وزارة التربية، مديرية العامة للتخطيط التربوي،(2005)،خطة التنمية التربوية،بغداد.
- حمەخان،طيب طالب،(2016)،التحليل المكاني والوظيفي لخدمات التعليم الابتدائي في مدينة كركوك،رسالة ماجستير،كلية الاداب،جامعة صلاح الدين،اربيل.
- الدليمي،صباح المهدي جرو،(2010)،جغرافية التعليم العام في ريف مركز قضاء رمادي،رسالة ماجستير،جامعة الانبار،كلية التربية، الانبار.
-سعيد،علي لفتة،شعلان،ايمان عبدالحسين،(2014)،تقيم كفاءة الخدمات التعليمية والصحية في مدينة الحيدرية،مجلةالبحوث الجغرافية،العدد(19)،جامعة الكوفة،كوفة.
- الشمري،رضا عبدالجبار سلمان،الشمري،عباس حمزة علي،(2018)،واقع الخدمات التعليمية وكفاءتها الوظيفية في ريف قضاء عنك،مجلة اورك للعلوم الانسانية،المجلد الحادي عشر،عدد الاول،المثنى.
- عبدالعاني،صلاح عثمان،العاني،محمد عماد قاسم،(2020)،تحليل كفاءة الخدمات التعليمية في مدينة راوه،باستخدام نظم معلومات الجغرافية،مجلة مداد الاداب،عدد(24)، الانبار.
- عطشان،حسين عذاب،(2021)،تحليل جغرافي لواقع التعليم الأبتدائي في العراق،مجلة اورك للعلوم الانسانية،جامعة المثنى، كلية التربية للعلوم الانسانيةمجلد الربع العشر ، العدد الثالث،المثنى.
- الغرياوي،رعد عبدالحسين محمد،(2012)،كفاءة التوزيع المكاني للخدمات التعليمية في مدينة سماوة،اطروحة دكتوراه،جامعة البصرة،كلية الاداب،البصرة.
- هيشان،زينب اسماعيل،(2022)،دور التعليم في تعزيز عناصر التنمية الاقتصادية،مجلة علوم الانسانيةوالطبيعية،مجلد (3)،عدد(7)،وزارة التربية والتعليم،الاردن.


### سەرچاوە كوردییەكان


- حكومەتی هەرێمی كوردستان ،وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ونیشتەجێكردن،بەرێوەبەرایەتی گشتی ڕێگاوبان وئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێكردنی هەولێر،(2023)،بەشی نەخشەسازی،هەولێر.
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر،(2023)،بەشی هێزی كار،هەولێر،(بڵاونەكراوەتەوە)
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر،(2023)،بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات،بەشی پلاندانان،هەولێر(بڵاونەكراوەتەوە).
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی فێركردنی نائاسایی،(2023)،هەولێر.
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی،(2023)،هەولێر(بڵاونەكراوەتەوە).
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پەروەردە،بەرێوەبەرایەتی گشتی بیناسازی،(2023)،هەولێر(بڵاونەكراوتەوە).
- حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر(2023)، بەشی Gis،نەخشەی كارگێری پارێزگای هەولێر،هەولێر.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان،دەستەی ئاماری هەرێم،بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر(2023)، هۆبەی ئاماری پیشەسازی،هەولێر
- حکومەتی هەرێمی کوردستان،پارێزگای هەولێر،قایمقامیەتی قەزای خەبات،(2023)،بەشی پلاندانان،خەبات
- حەداد،یاسین حەمەدەمین،مەحمود،کامەران وەلی،(2011)،ئەتلەسی پارێزگای هەولێر،چاپخانەی شەهاب،چاپی دووەم،هەولێر
- عەبدولا،چنار سەعد،(2010)،پەروەردەو نەتەوایەتی –لێکۆلینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مێژوویە لە هەرێمی کوردستان،دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر
- غەفور،عەبدوللا،(2018)،بنەماکانی جوگرافیای دانیشتوان،کتێبی فێرکاری،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر
- قادر،هەینی،(2009)،خەبات-کەلەك،ئینسکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)،چاپخانەی گرین گالۆری،چاپی یەکەم،لوبنان
- ئەحمەد،هۆگر جەمیل،(2010)،دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوانی قەزای سۆران وکاریگەری لەسەر پەرەپێدانی لادێیی،نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات ،زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،،هەولێر

**چاوپێکەوتن**

- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (مەعروف حمه سعید )،بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات،لە 5-11-2023،یەکشەممە
- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەل بەرێز (رەمەزان سەلیم عەلی)،بەرپرسی سەرپەرشتیاری پەروەردە لە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی خەبات لە13-11-2023،دووشەممە

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

- Fouad, Ahmed & Sailer, Kerstin. (2019). The Design of School building, University college of London. Uk.
- Gardiner, Michael. (2017). Education in Ruralareas, Issues in Educationpohicy. Johannesburg.
-Hus, Valstra&Koprivnik, Minika. (2016). Opinion of primary education program students of development of copmpetence for teaching, Effective learning strategies and methods، Scientific research, No-15، University of Maribor _Slovania.
-Israel.G.D.(1992). Determining sample size. University of florida Cooperative Extension Service, Institute of Food and Agricultur Science, EDIS.

## پاشکۆی (1)

### فۆرمی پرسیارنامە

### تایبەت بە قوتابخانە بنەرەتییەکان

### فۆرمی پرسیارنامەی مەیدانی توێژینەوە

بەرێز - سەرۆکی خێزان:

ئەم فۆرمە بۆ مەبەستی توێژینەوە و ئامانجی زانستی ئامادە کراوە،زانیاریەکانیش نهێنین،بۆیە پێویست بە ناو نووسین ناکات،تکا دەکەم وەڵامی پرسیارەکان بابەتیانە بێت.

توێژەر: هۆگر جمیل احمد

1- ئایا قوتابخانە لە گوندەکەتدا هەیە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( ).

2- مەودای گەیشتنی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە چەندە؟

| کەمتر لە 400 مەتر | 400 – 800 مەتر | زیاتر لە 800 مەتر |
|---|---|---|
| | | |

3- تا دەگەیتە قوتابخانە پێویستت بە چەند کات هەیە؟

| کەمتر لە 5 خولەك | 5 -10 خولەك | زیاتر لە 10 خولەك |
|---|---|---|
| | | |

## پاشکۆی(2)

**مەودای ڕۆیشتن(مەتر) و کاتی تەرخانکراو (خولەك) بۆ نزیکترین قوتابخانەی بنەڕەتی لە گوندەکانی قەزای خەبات بە پێی یەکەکارگێرییەکان بۆ سالی خوێندن 2022 -2023 زایینی**

| گوندە یەکە کارگێرییەکان | مەودای ڕۆیشتن (مەتر) | | | | کاتی تەرخانکراو (خولەك) | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کەمترلە 400م | 400 - 800م | زیاتر لە 800م | کۆ | کەمتر لە 5 خولەك | 5 -10 خولەك | زیاتر لە 10خولەك | کۆ |
| گوندەکانی سەنتەری قەزا | 3 | 9 | 15 | 27 | 8 | 8 | 11 | 27 |
| گوندەکانی ناحیەی رزگاری | 16 | 8 | 27 | 51 | 23 | 8 | 20 | 51 |
| گوندەکانی ناحیەی کەورگۆسك | 4 | 5 | 16 | 25 | 4 | 5 | 16 | 25 |
| گوندەکانی دارەشەکران | 9 | 4 | 19 | 32 | 9 | 5 | 18 | 32 |
| گوندەکانی قەزا | 32 | 26 | 77 | 135 | 44 | 26 | 65 | 135 |

سەرچاوە: سەردانی مەیدانی،فۆرمی پرسیارنامە

## پاشکۆی (3)

**ناوی گوندو ژمارەی دانیشتوانیان لە قەزای خەبات (2023)زایینی**

**یەکەم/سەنتەری قەزا**

| ژمارە | گوند | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|
| 1 | سیفەیە | 3800 |
| 2 | مەلا عومەر | 1475 |
| 3 | چەمە دبس | 2150 |
| 4 | باستام | 1050 |
| کۆ | 4 | 8475 |

**دووەم/ناحیەی رزگاری**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | کۆمەڵگای جدیدە زاب | 955 |
| 2 | کۆمەڵگای سێبیران | 2711 |
| 3 | کۆمەڵگای کانی قرژالە | 4330 |
| 4 | گوندی کانی قرژالە | 602 |
| 5 | کەورەبەن | 826 |
| 6 | خەرابەدراو | 450 |
| 7 | قەرێتاغ | 700 |
| 8 | چالوگی گەورە | 676 |
| 9 | چالوگی بچووك | 954 |
| 10 | سەردەشت خەبات | 118 |
| 11 | سمایلاوە | 420 |
| 12 | سێبیرانی بچووك | 115 |
| 13 | سێبیرانی گەورە | 1237 |
| 14 | سیپە سیتی | 220 |
| 15 | ساتۆر | 158 |
| 16 | تۆبزاوە | 312 |

| | | |
|---|---|---|
| 17 | قەلاتگە | 480 |
| 18 | كونەسیخورە | 338 |
| كۆ | 18 | 15602 |

**سێیەم/ناحیەی كەورگۆسك**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | ئاخۆلان ئەسعەد | 550 |
| 2 | ئاخۆلان هەركی | 290 |
| 3 | ئاخۆلانی نوێ | 90 |
| 4 | ئیفراز كەمال | 158 |
| 5 | ئیفراز میران | 150 |
| 6 | ئیفرازحاجی برایم | 50 |
| 7 | گاینجی گەورە | 2500 |
| 8 | گاینجی گچكە (خواروو) | 25 |
| 9 | گاینجی سەربەست | 100 |
| 10 | گاینجی سەلاحەدین | 60 |
| 11 | گوندی كەورگۆسك | 1450 |
| 12 | گردەشێر | 180 |
| 13 | گردەرەشە زاب | 1110 |
| 14 | شیوەرەش كۆن | 290 |
| 15 | شیوەرەش دیوان | 250 |
| 16 | شیوەرەش حاجی فەیسەل | 320 |
| 17 | مامەلۆك | 500 |
| 18 | كەوەسۆر | 88 |
| كۆ | 18 | 8161 |

**چوارەم/ناحیەی دارەشەكران**

| | | |
|---|---|---|
| 1 | باوەخەلان | 1460 |
| 2 | بانە | 232 |
| 3 | بیركان | 8 |
| 4 | چرە | 680 |
| 5 | چەمەبەگەز | 40 |
| 6 | چنارۆك | 88 |
| 7 | خاڵوان | 240 |
| 8 | خالوانی سەروو | 280 |
| 9 | كاوانیان زراری | 240 |
| 10 | كودەریان | 326 |
| 11 | كێلەسپی | 20 |
| 12 | گردی ماوان | 320 |
| 13 | گردمامك | 44 |
| 14 | گۆپال | 288 |
| 15 | گەرووەدەلالان | 160 |
| 16 | رەشوان یوسف | 160 |
| 17 | رەشوان نورۆ | 164 |
| 18 | زەرگەزە | 1480 |

| | | |
|---|---|---|
| 19 | زەرواو | 280 |
| 20 | وسوومەلیانی سەروو | 260 |
| 21 | وسوومەلیانی خواروو | 60 |
| 22 | هەبابان | 168 |
| 23 | مەنداوە | 360 |
| 24 | مام خالان | 400 |
| 25 | قەپەگیان | 267 |
| کۆ | 25 | 8025 |
| کۆی قەزا | 65 | 40263 |

سەرچاوە: قایمقامیەتی قەزای خەبات،2023

تێبینی/ گوندی سیفەیە تەنها لە رووی فەرمانگەی پەروەردەوە سەر بە سەنتەری قەزای خەباتە،ئەگینا لە رووی کارگێرییەوە سەر بە ناحیەی گوێری سەر بە قەزای مەخموورە.

## تقييم مؤشرات التنمية الريفية في قضاء خبات
## الخدمات التعليمية نموذجا
## ( دراسة في جغرافية الريف)

**هوكر جميل احمد**

وزارة التربية-مجمع فاخير ميركةسور تربوي

Hogrjamil11@gmail.com

**ملخص**

تطوير التعليم هو أحد أهداف التنمية الريفية، حيث تلعب دوراً كبيراً في القضاء على الأمية وتوفير المدارس وحتى الشعور بالتنمية في أذهان أهالي القرية، ومن الواضح أن هذه الخدمة متوفرة في قرى قضاء خبات. لذلك تهدف هذه الدراسة إلى التركيز على توضيح واقع التعليم في المدارس الاساسي، والكشف عن مدى العدالة توزيع الاماكن في الخدمات التعليمية، بالإضافة إلى العمل على تحديد االقدرات الوظيفية وتحديد معوقات الوصول إليه. ومن اجل تحقيق الأهداف، تعتمد هذه الدراسة على الاساليب الوصفية و التحليلية, وينقسم البحث إلى أربعة محاور رئيسية, تشمل الإطار النظري للبحث وكذلك التوزيع والتباين المكانية للخدمات التعليمية والكفاءة الوظيفية،ومن الجدير بالذكر، ان منطقة الدراسة في العام الدراسي (2022-2023)م من حيث اجمالي عدد المدارس يتضمن( 66) المدارس الاساسية، تستحوذ المدارس المختلطة على أعلى نسبة 95.5% من أنواع المدارس، وعدد البنين أعلى من عدد البنات، في حين أن عدد المعلمات أعلى من عدد المعلمين الذكور، بالإضافة إلى تقليص عدد المباني المدرسية، بما فيها قرى التي لا تخدمها المدارس الاساسية يتكون 10% من قرى قضاء،من حيث كفاءة الوظيفية، جميع مؤشرات أقل من معيار التخطيط للتعليم ، باستثناء مؤشر (المعلم/الطالب) فهو أعلى من المعيار،وسهولة الوصول والوقت الى المدارس معظمها يتجاوز معايير التخطيط للتعليم ،مما يخلق تأثيراً سلبياً على العملية التعليمية.

**مفاتيح الكلمات:**خدمات تعليمية، مدرسة، كفاءة

## Rural Development Indicators Evaluation in Khabat District
## Educational services as a case study
## (A Study in Rural Geography)

**Hogir Jamil Ahmed**

Ministry of Education - Fakhir Mergasur Educational Complex

Hogrjamil11@gmail.com

**Abstract**

Educational development is one of the objectives of rural development, as it plays a major role in eliminating illiteracy and providing schools and even in the sense of gender in the minds of the villagers, it is clear that this service is available in the villages of Khabat District. therefore, the aim of this study is to highlight the situation in Primary school education is available to reveal the extent to which there is equity in the distribution of educational services, in addition to working to identify functional skills and identify barriers to achievement In addition to its objectives, this study relies on descriptive and analytical methods, including The research is divided into four main themes, which include the theoretical framework of the research, as well as the distribution and differences of place for educational services and functional skills, it is worth mentioning the research area In the academic year (2022-2023), in terms of the number of schools, only (66) Mixed schools have the highest percentage of 95.5% of all types of schools, and the number of boys is higher than that of girls, while the number of female teachers is higher than that of girls There are more males, in addition to the shortage in the number of school buildings, in addition to the villages that are not served They are schools in 10% of the villages in the district. All the indicators are below the education planning criteria, except for the indicator (teacher/student) which is above the criteria Ease of access and time to schools are mostly above education planning criteria, which reflects It creates negativity in the educational process.

**Keywords:** Educational services, School, Efficiency.